جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح

# ڕوانگە و ڕێچارەکان

# پێڕست


| سەردێر | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ........................................................................... |
| مەعنەوییەت | ........................................................................... |
| ڕاوێژ | ........................................................................... |
| مافی مرۆڤ | ........................................................................... |
| ئازادی | ........................................................................... |
| دادپەروەری | ........................................................................... |
| نوێخوازی | ........................................................................... |
| یەکگری | ........................................................................... |
| پارێز لە توندوتیژی | ........................................................................... |

## پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله و على آله و اصحابه و اتباعه اجمعين الى يوم الدين

مرۆڤ بە هۆی بەهرەمەندی لە تایبەتمەندی گەلێکی وەك ڕوحی خوایی، ئاوەز، ئاخاوتن، مافی هەڵبژاردن و... پێگەیەکی تایبەتی لەنێو بەدیهێنراوەکاندا هەیە و ئافراوێکی تایبەتە؛ مرۆڤ بە پێچەوانەی زۆربەی بوونەوەرەکانیتر، بە هۆی سروشتی کامەرانیخواز و ژیری ئامرازسازی کە هەیەتی توانای گۆڕانکاری لە جیهانی دروستکراو و پێشکەوتنی ژیار و هەروەها تیکنەلۆژیدا هەیە و لە دەرەنجامدا، «هەبووەکانی» ئەو، هەم لە ڕووی چەندییەتی و هەم لە ڕوانگەی چۆنیەتییەوە، بەردەوام لە کامڵبوون و ڕوو لە زۆربوون دایە. شێوازی کاردانەوەی ئەم فاکتەرانە (لێهاتووییەکان، کەرەستەکان و بەهرەوەرییەکان) لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤدا، بە چۆنییەتی «هەبووەکانی» ئەو پێوەندی هەیە و گرێ دراوە. «هەبووەکانی» ئێمەی مرۆڤ بەرهەمی میرات، خۆمان و دەورووبەرە کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان حەول دەدەن بە فێرکاری و پەروەردە و ناوەندە پێوەندیدارەکان، ڕەوتی پەروەردەی مرۆڤ و ئەو سێ فاکتەرەی کاریگەر لەسەر بەدیهێنانی کەسایەتی مرۆڤ، بەرەو ئامانجە خوازراوەکان ڕێنوێنی بکەن تا لە کۆتاییدا بە پەروەردەی کەسانێکی لێهاتوو و گەشەکردوو و کۆمەڵگایەکی هاودەنگ لەگەڵ تایبەتمەندییە خوازراو و باشەکان، ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ ئاویتەی ڕەواقی گەشەپێدان، ئاسودەیی و پێشکەوتن بکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە، تاقمێك لە زانایان و بیرمەندانی ئەهلی سوننەتی ئێران، لە کۆتایی چاخی پەهلەویدا، لە ژێر کاریگەری ئامۆژەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(صل الله عليه وسلم) و ئاریکاری بزوتنەوەی جیهانی بێداری ئیسلامی، دوای ڕاوێژ و هاوبیری زۆر، بەو دەرەنجامە گەیشتن کە بۆ بەئاکامگەیاندنی ژیانی دنیایی و پاراستن و گەشەی کەسایەتی و هەروەها بەجێهێنانی ڕۆڵی پۆزیتیڤ لە کۆمەڵگادا، بیروڕا و هەنگاوەکانی خۆیان هاودەنگ بکەن و هاوئاواز لەگەڵ گەردوونی نزاکار، ئاوازی ڕوح لاوێنی (اياك نعبد و اياك نستعين) هەموو بەیانییان و ئێواران وەك سروودی ژیان بە گوێی هەموو جیهان بگێنن. لە دەرەنجامدا بڕیار درا کە بە سەرچاوەیی ڕێبازی ئاسمانی ئیسلام و جەخت لەسەر چەمکە بنەڕەتییەکانی «تاکە پەرستی لە جیهان بینی، ڕەوشت بەرزی لە ژیانی تاك و ئازادی و دادپەروەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی»دا لەسەر تیشکی تێگەیشتن لە چەمك و ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلام، تێگەیشتن لە ڕاستییەکان و یەکەمینەکان، بە پشت بەستن بە خوای بەدیهێنەر، بەرەو کردەوە هەنگاو هەڵێننەوە و لەڕێی پەروەردەی تاکی موسوڵمان، خێزانی موسوڵمان و کۆمەڵگای موسوڵمان لەسەر ئەساسی زانستییە ڕۆشنا بەخشەکانی قورئانی پیرۆز ، ئامانجەکانی خۆیان بە ئاکام بگێنن. بەرهەمی بەرچاوی ئەو ڕاوێژ و هاوکارییانە، پێکهاتنی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەیی ئیسلام بوو کە ئەوڕۆ لەژێر ناوی «جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح» لە هەموو ناوچەکانی سوننی نشینی وڵاتەکەماندا چالاکی دەنوێنن.

وێڕای کێشە و گرفتی زۆر، بەختەوەرانە لە ئێستادا جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، بەیارمەتی خوا و لە دەرەنجامی تێکۆشانی دڵسۆزانەی ئەندامان و هاوکاران، لە هاوڕێیی کۆمەڵێك لە چاکەخوازان و

ئایین‌دۆستانی ئەهلی سوننەتی وڵات کە لە چینە جۆراوجۆرەکانی وەك زانایانی ئایینی، مامۆستایانی زانکۆ، ڕۆشنبیران، وانەبێژان، قوتابییانی زانکۆ، خوێندکارانی ئایینی، کاسبکاران، کرێکاران و... پێك هاتوون، بەهرەمەندە و شانازی پێوە دەکا و هەروەها تێکۆشاوە کە لە بەجێهێنانی ئەرکی ئایینی-ئینسانی خۆی لە گشت بوارەکانی وەك بانگەشە و ڕاگەیاندنی بنەما ڕەسەنەکانی ئیسلام بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاکەخوازی، پەروەردەی ئاکاریی و ئایینیی قوتابییان و خوێندکارانی زانکۆ، حەوڵدان بۆ ئامادەکردنی مزگەوت و خوێندنگاکانی زانستی ئایینی، نووسین، وەرگێڕان، چاپ و بڵاوکردنەوەی وتار و پەڕتووکی هەمە چەشنی باوەڕداری، فیقهی، مێژوویی و... لە ئاستی وڵاتدا، بەرگری لە ئازادی و دادپەروەری لە وڵات و بە تایبەت هەوڵدان بۆ گشتی‌کردن و بەرچاو خستنی ماف و داخوازییەکانی ئەهلی سوننەتی ئێران، یارمەتی پرۆژەی گەشەی سیاسی و ڕەخساندنی هەلی بەشداری و ڕکەبەری سیاسی بۆ تەواوی شارۆمەندان، یارمەتی بۆ یەکگرتوویی و نزیکی نێوان پەیڕەوانی ئایینزا ئیسلامییەکان بە جەخت لەسەر قەبووڵکردنی جیاوازییەکانی یەکتر وەك پێش مەرج و بناغەی یەکگرتوویی، پاراستنی ئاسوودەیی کۆمەڵگا و... بە توانای خۆی بەشداری بکات. لە هەمانکاتدا کە جەماعەت زۆر بە باشی ئاگاداری گرینگی و پایەبەرزی ئەرکی ئایینی خۆی و لێهاتوویی و شەرافەتی بەرزی هاوڵاتییانە، تەنیا شانازییەکەی بەو پاشکەوتە کەمە نییە، بەڵکوو بەوەیە کە هەرچەند ماوەیەکی درێژخایەنە کە لە ئاستی وڵاتی ئێراندا چالاکی دەکا، هیچ هەنگاوێکی بە پێچەوانەی شکۆ و بەرژەوەندی نەتەوەکەی هەڵنەهێناوەتەوە.

جەماعەت لە قۆناغی نوێی چالاکی خۆیدا، بڕیاری دا کە بە مەبەستی ناساندنی باشتر و زۆرتری خۆی و ڕەخساندنی بەستێنی شیاو بۆ سازان و ئاریکاری، ڕێدۆز و بۆچوونە بنەڕەتییەکانی خۆی لە نووسراوەیەکی کورت بە ئاگاداری گشت هاوڵاتیان و بەتایبەت چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بگێنیت تاکوو هەم مافی شارۆمەندان بۆ ناسینی هێزەکانی چالاکی کۆمەڵگا بپارێزرێت و هەم جەماعەتیش هەر بەم چەشنەی کە خۆی بڕوای پێیە و خوازیارە، بە بەردەنگە بەڕێزەکانی بناسرێت.

جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، بەهۆی ئەوەی‌کە تەنیا بەرنامەی خۆی بە ڕاڤەیەکی ڕاست لە ئیسلام نازانێت، پێشوازی لە هەموو پێشنیار و ڕەخنەی بیرمەندان و دڵسۆزانی ئایینی و کۆمەڵگا دەکا و ئاواتەخوازی ڕۆژێکە کە تاکەپەرستی لە جیهانبینی، ڕەوشت بەرزی لە ئاکاری تاك و ئازادی و دادپەروەری لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا، لە ئاستێکی شیاودا جێگیر بێت، تاکوو مرۆڤەکان بتوانن بە ڕەزامەندی و ئاسوودەیی، لە دونیایەکی ئاوەداندا، سەرقاڵی پەرستشی خوای بەدیهێنەر و خزمەت بە بەدیهێنراوەکان بن. و ما ذلک علی الله بعزیز.

# مەعنەوییەت

نوقم بوونی مرۆڤی ئەم سەردەمە لە گرینگی‌دانی لەڕادەبەدەر بە پێداویستییە ماددی و سروشتییەکان، چ لە ڕووی هەژاری یان لە ڕووی ئاواتەخوازی، بۆتە هۆی ئەوەی‌کە تووشی جۆرێك نەخۆشی و تەنانەت قەیرانێك بێت کە «قەیرانی مەعنەوییەت» و یا «کەمایەسی مەعنەوی» پێ دەگوترێت و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەو بابەتە، ڕێخۆشکەری زۆرێك لە گوشاری ڕوحی و تەنانەت شەڕ و جەنایەتەکان بووە. سەرهەڵدانی شەڕە ڕەگەزی، ئایینزایی و قەبیلەییەکان، سەرشوماری بەرزی ئاڵۆزییە دەروونییەکان و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و لە دەرەنجامدا گەندەڵی بەربڵاو و هەمەلایەن کە بۆتە هۆی لاوازی پێگەی خێزانی و زۆر بوونی تاوان و جنایەتی تەنانەت دژ بە منداڵانیش، بەڵگەن لەسەر ڕاستی ئەو ئیددیعایە.

بە بڕوای ئێمە هەرچەند مرۆڤ بە حەول و تێکۆشان و دەکارکردنی ژیری خۆی، دەستکەوتی گەورە و بەنرخی لە زانست و پیشەسازی بەدەست هێناوە و بەستێنی «ئازادی» بە ڕادەی پێویست ڕەخساندووە، بەڵام لە بەدەست هێنانی «جوامێری» خوازراو، بە ئەکام نەگەیشتووە و بەهۆی بەهرەمەندنەبوونی شیاو لە «مەعنەوییەت»، مرۆڤایەتی و شوناسی مرۆڤی کەوتۆتە مەترسی و بەم چەشنە بەدوور نییە کە دەرەنجامی هەموو تێکۆشان و دەستکەوتەکانی، دژ بە مرۆڤایەتی و شوناسی ئینسانی دەکار بکرێت.

«مەعنەوییەت خوازی» لە دنیای ئەوڕۆدا، تەنیا گرینگی‌دان بە پێداویستییە دەروونی و نامادییەکان، بە مەبەستی بەدەستهێنانی کەماڵی مرۆڤایەتی و لە دەرەنجامدا، ئامانجدارکردنی ژیان و گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ژیانە و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی مەعنەوییەت لە ژیانی ئینسانی ئەوڕۆدا حەولی زۆر دراوە. زانستییە دەروونناسییەکان، ڕەوان‌دەرمانی و ڕاوێژکاری، ئایینەکانی هێندی، ڕێبازەکانی جۆراوجۆری خواناسی و سۆفیگەری، یانە و ڕێکخراوە وەرزشییەکانی ڕەزمی و... هەموویان بۆ زیندووکردنەوەی مەعنەوییەت حەول دەدەن؛ بەڵام دەستکەوت و دەرەنجامەکانی ئەو تێکۆشانە، پێداویستییەکانی ئاماژە پێکراوی بە باشی دابین نەکەدووە؛ چونکە هەر کامیان تەنیا سەرنجیان داوەتە قوژبنێك لەو پێکهاتە ئاڵۆز و تێکهاڵاوەی مرۆڤ و لە گرینگی‌دان بە هەموو بەشەکانی کەسایەتی و پێگەی لە گەردووندا و پێوەندی ئەو لەگەڵ بوونەوەرەکانی‌تری جیهان، ناکام ماونەتەوە. بە ڕای ئێمە ئەو کارە تەنیا لە چوارچێوەی زانست و هێزی بەدیهێنەری مرۆڤ و جیهاندا قەراری گرتووە.

ئیسلام وەك یەکێك لە ئایینە گەورەکانی جیهان و تەنیا ئایینێك کە خاوەن چەمکی ڕەسەن و دەستلێنەدراوە، بە بەرچاوگرتنی هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ و هەروەها تێڕوانینێکی ڕاستەقینە، بەردەوام لە ڕاستای پەرەدانی «مەعنەوییەت» و «مەعنا بەخشین بە ژیان» هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و مرۆڤ بەرەو گەشەی لێهاتووییەکانی و گەیشتن بە لووتکەی بەرزی مرۆڤایەتی، هان دەدات و تەنانەت فەرمانیش دەکات و گرینگی دانی زۆرتر لە ڕادەی پێویست بە ڕواڵەتەکانی ژیان و «ڕازی‌بوون بە ئێرە و ئێستا»ی قەدەغە کردووە.

«مەعنەوییەت» لە ئیسلامدا، تەنیا یەك ئەزموونی دەروونی یا هەستێکی ئایینی تاکەکەسی نییە کە بکرێ لە «کاتە دەگمەنەکان» و بە «ئەدەبیاتێکی شاعیرانە» و چەند دەستەواژەی «دڵگر» و «شیرین» و یا «هەوڵی هاوسەنگ» لە هۆڵە وەرزشییەکان و گوێگرتن بۆ وتاری مەعنەوی و یا دوورەپەرێزی و جەزمە، بەدەست بهێندرێت؛ بەڵکوو خوودی ژیان و تێکۆشانی ئاسایی و ڕۆژانەیە؛ بە مەرجێك کە

تێکەڵاوی زیکر و یادی خوا بێت و بە چاکەخوازی و بەهاکانی مرۆڤایەتی و ئاکاربەرزی برازێتەوە. لەبیرکردن و یان تەرکی یادی خوا لە ژیاندا، هۆکاری سەرەکی لەبیرکردنی خۆی و لە دەرەنجامدا بێئامانجی و سەرلێشێواوی مرۆڤە.

بەڵێ تەوەری مەعنەوییەت لە ئیسلامدا، «ئیمان»ە و گرینگترین دەستکەوتەکانی ئیمانیش بریتین لە:

**الف) پەرە سەندن بە تێروانینی مرۆڤ و ئامانجدارکردنی ژیانی بە:**

١- هست بە بوونی خوا لە تەواوی گەردووندا و چاودێری ئەو بەسەر ئاکار و جموجوڵی هەموو بوونەوەر و هەموو چەشنی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕیدا کە لە هەر ساتێکدا ڕوو دەدا و هەروەها ڕەچاوکردنی ئەوەیکە مانەوە و ژیانیش بە بەردەوامبوونی چاودێری خوا پەیوەستە. ئەو خوایەی کە بەدەیهێنەر و ڕۆژیدەری بەندەکانییەتی، نزا و پاڕانەوەی ئەوان دەبیستێت و بەهاواریانەوە دەچێت؛ جگە لەوەیکە ئامراز و کەرەسەی گەشە کردنیان بۆ دابین دەکات، لەمپەڕ و خەسارەکانی سەر ڕێگاشیان بۆ لادەدات. ئەو خوایەی کە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤی لە هێزی ئاوەز و ئیرادە بەهرەمەند کردووە، لە ڕووی لوتف و بەزەیی خۆیەوە، کۆمەڵە مرۆڤێکی وەك پەیامهێنەر هەڵدەبژێریت و لەگەڵ «کۆمەڵێك ڕوونکردنەوە و ڕێکارنامە» بە نێوی «پەراوی ئاسمانی» بۆی دەنێریت تا بەڵکوو بە ویست و حەولی خۆی، ڕێگای بەختەوەری و کامەرانی خێراتر و ئاسانتر بناسێت و بیگرێتەبەر.

٢- هیوا بە بەردەوامی ژیان و ڕەتکردنەوەی ڕوانگەی فەوتانی هەمیشەیی مرۆڤ کە بە باوەڕ بە جیهانی دوای مردن پێك دێت؛ ئەو جیهانەی کە هەر کەس بەپێی کارە چاك و خراپەکانی و خزمەت و ناپاکییەکانی لە ئاست مرۆڤەکان، پاداش و سزا دەدرێتەوە. ژیان لە ئەو جیهانەدا، بەبێ کەمی، ڕك، بێزاری، شەڕ، ماندوویی، نەخۆشی، پیری و مردن و لەناوچوونە و مرۆڤ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە دونیادا دەبوونە هۆی دڵەڕاوکێ و پەشێوی، وەدەست دەکەوێت؛ بەم چەشنەیە کە هەستی بەرپرسیارەتی و تامەزرۆیی بۆ ژیان لە دەروونی ئینساندا زۆر دەبێت و تێروانینی بۆ ژیان پەرە دەستێنیت و لە نووقمبوون لە مادديات و ڕۆچوون لە تاوان، خۆی دەپارێزیت و مەعنەوییەت لە ژیانیدا تاقی دەکاتەوە.

**ب) هاودەنگ بوون لەگەڵ گەردوون لە نزا و تەقدیسی خوای گەورەدا:**

مرۆڤ بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە، بەجێی هەستی نامۆیی و دوژمنایەتی لەگەڵ گەردوون، ئەو بە زیندوو و هاوڕێ و نیشانەی میهرەبانی و ڕەحمەتی پەروەردگاری دەزانێت، کە لە ڕێگای بەندایەتی و گەشەکردنیدا هاوڕێ و یاریدەری ئەوە.

«تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبعُ وَ الأَرضُ وَ مَن فِيهِنَّ وَ إِن مِّن شَىءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمدِهِ وَلَكِن لَّا تَفقَهُونَ تَسبِيحَهُم إِنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُوراً» (الإسراء/٤٤)

«هەر حەوت ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی کە تیایاندا هەن، تەسبیحات ستایشی ئەو زاتە دەکەن، هیچ شتێك نییە لەم بوونەوەرەدا کە تەسبیحات و ستایش و سوپاسی ئەو زاتە نەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێناگەن، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام خۆگر و بەحەوسەڵەیە

(لە بەرامبەر لادانی خەڵکیەوە) لێخۆشبووە و چاوپۆشی دەکات (ئەگەر ڕووی تێبکەن و باوەڕی پێ بهێنن).»

**ج) بەجێهێنانی عیبادەتەکان:**

هەرچەند بە واتایەکی زۆر جوان و ڕاست، هەموو ژیان بە مەرجی هاوئاهەنگی لەگەڵ شەریعەت، عیبادەتە؛ بەڵام گرینگترین چەمکەکانی ئیسلام کە پێشاندەری ئەوپەڕی خواپەرستی و کەماڵ خوازین، بریتین لە: نوێژ، زەکات، ڕۆژوو و حەج.

ئینسانی موسوڵمان پێنج کەڕەت لە شەو و ڕۆژدا، لە هەر شوێن و دۆخێکدا بێت، هەر کە گوێبیستی بانگ بوو کە نیشانەی زەنگی مەعنەوییەتە، دەست لە هەموو کار و چالاکییەکانی هەڵدەگریت و بە ڕێ و ڕەسمی تایبەت و بێ هیچ ناوبژیوانێك، بۆ نزا و پاڕانەوە و ئاخاوتن لەگەڵ پەروەردگاری دادەنیشێت و بە جوانترین وشە و دەستەواژە، خەریکی سپاس و ستایشی خوا دەبێت و هەرچەند بۆ چەند ساتێکی کورتیش بێت بەڵام بەردەوام لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا، سەرەتا و کۆتایی و ئامانج و پێگەی خۆی لە گەردووندا بەبیر دێنیتەوە.

مرۆڤی موسوڵمان، هەر کات ماڵ و سامانی گەیشتە ڕادەیەکی دیاری کراو، بە پێویستی دەزانێت کە بەشێك لە ماڵەکەی بە نێوی «زەکات» لێدەرکات؛ تا لەو ڕێگایەوە، وێڕای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا، لەگەڵ هاوچەشنانی خۆی هاودەردی بکات و بەسەر هەستی بزوێنی تەماع و ماڵپەرستیدا زاڵ بێت و خۆشەویستی لەڕادەبەدەری ماڵ و سامان، دەروونی ڕەش و تاریك نەکات و شوناسی مرۆڤایەتی خۆی نەکاتە قوربانی ماڵ و سامانی.

موسوڵمانان، هەموو ساڵێ جارێك و بۆ ماوەی یەك مانگ، شۆڕشێك لە ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا پێك دێنن، عادەتەکانیان وەلا دەنێن و لە خواردن و نووستن و خواردنەوە و تەنانەت لە چالاکییە ئاساییەکانی چاو و گوێ و زمانی خۆیان کەم دەکەنەوە و بە ڕاهێنانی یەك مانگە لە قوتابخانەی ڕەمەزاندا، بڕوا بەوە دەکەن کە دەتوانن بەسەر هۆکار و پێویستییە ماددی و فیزیولۆژیکییەکاندا سەرکەوتوو بن؛ ئەو پێداویستییانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە هاندانی مرۆڤ بۆ دوورکەوتنەوە لە مەعنەوییەت.

خوای میهرەبان و دڵسۆز، بە مەبەستی پەروەردەی مەعنەوی بەندەکانی، لە ماوەی ژیانیاندا لانیکەم جارێك، بانگهێشتیان دەکات کە لە ماڵ و منداڵ و نیشتمان و زێدی خۆیان کۆچ بکەن و لە سەفەرێکی درێژخایەن و مەعنەوی بە نێوی «حەج» و لە شوێنێکی پیرۆز بە نێوی «مەککە» کۆوەبن تا لە ژێر دۆخی ڕۆحی و مەعنەویدا و لە پاڵ موسوڵمانانیتر، لە نیشتمان، ڕەنگ، گەل و ڕەگەز و زمانەکانی جۆراوجۆر، دڵەکان زیندوو بکەنەوە و چاوەکان بشۆنەوە و بە شێوازێکیتر ببینن و ژەنگاری ڕق و کین کە لە جیاوازی چینایەتی سەرچاوە دەگرێت، لە ڕوح و دەروونی خۆیان بسڕنەوە.

تەواوی ئەو دروشم و ڕێوڕەسمانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەگەر بە شێوازێکی شیاو و پەسندکراوی خوا ئەنجام بدرێن، دەبنە هۆی ئامادەبوونی موسوڵمانان بۆ «شەڕ لە ڕێی خوادا». جیهادیش بریتییە

لەوپەڕی تێکۆشان و خەبات بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا کە بە خاوێنکردنەوەی نەفس و خزمەت بە بەندەکانی خوا لەڕێی ڕەخساندنی بەستێنێکی شیاو بۆ گەشە و بەرەو پێشبردنی لێهاتووییەکان و ئازادی و ڕزگاربوونیان و هەروەها کورتکردنەوەی دەستی ناپاک و سێبەری قورسی گەندەڵی، هاڵاوردن و مڵهوڕی لەسەر سەریان، بەدەست دێت.

موسوڵمانان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی مەعنەوییەتی خۆیان و بە یارمەتی خواستن لە ئەنجامی دروشم و عیبادەتەکان، «شێوازێکی تایبەت لە ژیاندا» لە دوو بواری تاك و کۆمەڵایەتی کە پڕە لە ئاشتی و ئارامی و مەعنەوییەت، دەخەنە بەرچاو، کە گرینگترین نماکانی بریتین لە: «زیکر»، «سوپاسگوزاری»، «پشتبەستن بە خوا»، «ئیخلاس»، «ئاسوودەیی»، «شەهیدبوون» لە بواری تاکەکەسی و «پارێزگاری»، «ئازادی»، «دادپەروەری»، «خۆشەویستی»، «چاکەکاری»، «هاوکاری»، «لێبوردەیی و سازگاری»، «لە خۆبوردەیی» و «برایەتی» لە ژیانی بەکۆمەڵ و بواری کۆمەڵایەتیدا.

ژیانی مەعنەوی ئەوان لە دۆخی تاکەکەسیدا بە «زیکر»، کە بریتییە لە یادی خوا و هەست بە بوونی خوا لە هەموو دۆخێك و لە هەموو شوێنێکدا، دەست پێ دەکرێت و بە «سوپاسگوزاری»، کە دەربڕینی سوپاسگوزاری و ئەمەگناسی لە قاپی خوادا و هەستی دەروونبەرزی و بەرپرسیارەتی بەهۆی ڕەحمەت و سوزی خوایە، بەردەوام دەبێت. ئەوان بە «پشت بەستن بە خوا» و ئەسپاردەکردنی کارەکانیان بە خوا و یەکڕەنگی و دڵپاکی لە کرداردا، بە ڕادەیەك لە ئارامی و متمانەی دڵ دەگەن کە ئەمادە دەبن تەنیا بە هێمایەك لە ماڵ و گیانی خۆیان بگوزەرێن و بەرەو شەهیدبوون بڕۆن و وەڵامی ئەو بانگهێشتنەی خوا دەدەنەوە کە دەفەرموێت:

«يَأَيَّتُهَا النَّفسُ المُطمَئِنَّةُ * ارجِعِی إِلیَ رَبِّکِ رَاضِیَةً مَّرضِیَّةً * فَادخُلِی فِی عِبَادِ * وَ ادخُلِی جَنَّتِی» (الفجر/٣٠-٢٧)

«ئەی خاوەنی دڵ و دەروونی پڕ لە ئارامی * بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ لەم ڕازیت و ئەویش لە تۆ ڕازییە * دە بچۆ ڕێزی بەندە چاکە نازدار و بەڕێزەکانمەوە * بچۆ بەهەشتە خۆشە ڕازاوەکەمەوە.»

ژیانی بە کۆمەڵی موسوڵمانان و کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەو کاتە ڕەنگی مەعنەوی بەخۆوە دەگرێت کە یەکەم: موسوڵمانان لە ژیانی تاکی خۆیاندا، هەر وەکوو ئاماژەی پێ کرا، پاك و خاوێن بنەوە. دوهەم: لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا، لە بەرامبەر یەکتر، هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و لە خۆنامۆکردن و کەمترخەمی لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکانی کۆمەڵایەتی خۆ بپارێزن؛ لە ئاست یەکتر خۆشەویستی و دڵۆڤانی بنوێنن؛ لە کاری خێر و پەسنددا هاوکاریان هەبێت، وەپێش یەکتر بکەونەوە؛ بە لێبوردن و چاوپۆشی، لە هەڵە و تاوانی یەکتر ببورێن و بە دڵفراوانی و سازان، ناکۆکی و جیاوازییەکانیان کەمتر بکەنەوە یا لە ئاستییاندا خۆڕاگر بن. لە دۆخە هەستیار و بێدەرەتانەکاندا، کەسانی تر لەسەرووی خۆیان دانێن و خەمخۆریان بن و بە پێوەندی «برایەتی»، لە خەم و شادی یەکتردا بەشدار بن و لە دەرەنجامدا، بە ئاگاداریی پێشتر و پاراستنی سەربەخۆیی تاکەکەسی، «من»ەکان بۆ «ئێمە»، بگۆڕن و لە خۆپەرستی و خۆپەسندی کە بنچینەی هەموو تاوان، زوڵم و دەستدرێژی هەمبەر خۆی و کەسانی ترە؛ خۆبپارێزن و دەستی نزا بەرز بکەنەوە و بڵێن:

«رَبَّنَا اغفِر لَنَا وَلِإخوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ وَلَا تَجعَل فِى قُلُوبِنَا غِلَّاً لِلَّذِينَ ءَامَنُوا رَبَّنَآ إِنَّکَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ» (الحشر/١٠)

«پەروەردگارا؛ لە ئێمە و برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر و لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغز و کینەیەك مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆز و بەخشەندە و میهرەبانیت»

کاکڵی مەبەست ئەوەیە کە «مەعنەوییەت» لە ئیسلامدا، هەمان خواییبوونە؛ واتە ژیانی مرۆڤ ڕەنگ و ڕووی خوایی بگرێت و جگە لە ئەویندارى ئەو و ملکەچی فەرمان و قەدەغەکراوەکانی، هەموو چەشنە پابەندییەکیتر لە دڵی دەربکات؛ تەنیا بۆ خوا بژیت و بۆ خوا بمریت، شتێك لە کەسێك بستێنیت یا ببەخشێت؛ یا بەردەوامی و پچڕانی لە پێوەندییەکانیدا، تەنیا بە خاتری خوا بێت؛ خاڵی پشتبەستن و هیوای تەنیا خوا بێت و ترس و تەماحی جگە لە خوا لە کەس نەبێت؛ لە ساتە وەختەکانی کارەسات و موسیبەت و هەر چەشنە دڵەڕاوکێ و دڵتەنگیتر، تەنیا ڕوو لەو بکات و تەنیا داوای یارمەتی لە خوا بکات و بەتینەوە نزا و پاڕانەوەی خۆی بەرەو خوا بەرز بکاتەوە و بڵێت:

«إِنِّى وَجَّهتُ وَجهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَ الأَرضَ حَنِيفاً وَ مَآ أَنَا مِنَ المُشرِكِينَ» (الانعام/٧٩)

«بە ڕاستی من ڕووی خۆم و دڵم لە پەرستندا کردۆتە ئەو زاتەی ئاسمانەکان و زەوی فەراهەم هێناوە، لە کاتێکدا ڕووم لە هیچ شتێکیتر ناکەم، بە دڵارامی تەواویشەوە (دەڵێم کە): هەرگیز من لە ڕیزی موشریك و هاوەڵگێڕاندا نیم.»

«قُل إِنَّ صَلَاتِى وَ نُسُكِى وَ مَحيَاىَ وَ مَمَاتِى للهِ رَبِّ العَالَمِينَ» (الانعام/١٦٢)

«(ئەی پێغەمبەر(صل الله و علیه و سلم)، ئەی ئیماندار) بڵێ: بەڕاستی نوێژ و حەج و دروشمەکانی و (سەرجەم چاکە و بەندایەتیم) هەروەها ژیان و مردنم تایبەتە بۆ خوای پەروەدگاری جیهانیانەوە.»

**ڕێچارە**

**پەروەردە و چاکسازی لە ڕوانگەدا**

ئیسلام بۆ تێخستنی نەمامی «ئیمان» کە بنچینەی «مەعنەوییەتە» و هەروەها بە مەبەستی پتەوکردن و پەرەسەندنی ئیمان لە ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتیدا، لە «پەروەردە» یارمەتی وەردەگرێت.

«پەروەردە» لە ڕوانگەی ئێمەدا، پێگەیاندنی پلەبەپلە، ڕاستبینانە، هەمەلایەن، هاوئاهەنگ، ئەرێنی و بەردەوامی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، لەسەر تەوەری قورئان و سوننەتە. بەرهەمی پرۆسەیەکی بەم چەشنە، «مرۆڤی چاکەکارە»؛ مرۆڤێك کە خاوەنی دەروونێکی ڕاستیخواز و بەڵگەخواز، هیممەتی بەرز و ئیرادەی پۆڵایین و هەروەها بەرپرسیار و مرۆڤدۆستە؛ واتە ئەو، زەوی و ئاسمان، مادده و مانا، ئاوەز و هەست و دین و دنیا پێکەوە گرێ دەدات.

ئەم پەروەردەیە، لە ناخی کۆمەڵگادا، لەگەڵ چالاکی، بەشداریکردن، ڕەخنە و وتوویژ تێکەڵاوە. زۆرتر لەوەیکە بە سەپاندن و ئاخاوتن و وتارگوتن بێت، بە کردەوە و فێرکاری و لێکۆڵینەوە بەدی دێت و پێش ئەوەیکە ڕاستەوخۆ و فەرمی بێت، ناڕاستەوخۆ و نافەرمییە و کەسانێکیش کە بە کاری پەروەردەوە هەڵدەستن و گرینگی پێ دەدەن، پێویستە خۆیان لە بیرو باوەڕیاندا، نموونەی کرداری و پێشەنگێکی بەرچاو بن. کە ئەگەر بەم شێوازە نەبێت، هەوڵی ئەو کەسانە نەتەنیا ناتەواو و بێکەڵك دەبێت، بگرە دەرەنجامێکی پێچەوانەشی لێ دەکەوێتەوە؛ چونکە ئێمە نامانهەوێت کەسەکان تەنیا لە ڕێگەی دروشم و پێکهێنانی دۆخێکی ڕەوانی-عاتیفی تایبەت کە جاروبار پێش دێت، بیخەینە ژێر کاریگەری و تەنیا بەسەردا سەپاندن بێت؛ بەڵکوو ئەم پەروەردەیە، هۆشیارانە و بە ویست و خوازی خۆی دەبێت و تەنانەت لە کاتێکدا کە ئەو کەسە بە قۆناغێك لە هۆشیاری و بڕیاردانی دروست و هەروەها بە قۆناغی خۆناسیش نەگەیشتبێت، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە بە جێگای ئاخاوتن و داسەپاندن و دەستووردانی ڕاستەوخۆ، حەول بدەین بواری گەشەکردنی تواناکانی و چاودێری و ڕێنماییکردنی بۆ بڕەخسێنین.

ئێمە بڕوامان بە پەروەردەیەکی ڕاست و هاوسەنگە کە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤ (فیکری، ماددی و دەروونی)، توانایییەکان و بێهێزییەکانی و هەوڵەکانی و هەڵە و بەلاڕێداچوونەکان و پاشگەزبوونەوەکانی، لەبەرچاو دەگرێت.

نەفسی ئینسان «چاکە» و «خراپە»ی پێ سەرۆ کراوە. ئامادەی بەرزی و نزمییە، نە بوونەوەرێکی ئاژاوەگێڕ و سەرتاپا خراپە و نە تەواو پاک و بێکەم وکووڕییە کە هیچ هەڵەیەکی لێ ڕوو نەدات. بە بیانووی بەرزبوونەوە و تەندروستی دەروونی، لە پێداویستییە ماددی و جەستەیییەکانی چاوپۆشی و یان سەرکوت ناکەین و بە بیانووی ڕاستبوونی پێداویستییەکانی، ئاسۆی گەشە و پێشکەوتن و ئارمانە پاک و مەعنەوییەکانی لەپێش چاوی ڕەش و وێران ناکەین.

پەروەردە لە ڕوانگەی ئێمەدا، پرۆژەیەک نییە کە لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا دەست پێ بکات و کۆتایی پێ بێت. بەڵکوو ڕەوتێکە کە لە هاتنە دونیاوە تا مردن درێژەی هەیە؛ ئەم پەروەردەیە لە دوورەپەرێزی و لە قوژبنی پەرستگا و مزگەوت و خانەقاکاندا بەدی نایەت و سنووردار بەوانەش نامێنێتەوە؛ هەروەك چۆن بابەتێکی وانەیی و تەوەرێك نییە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکاندا و یان بۆ سەردێری وتار و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی پسپۆڕانەش نییە، بەڵکوو پەروەدەیەکە لە درێژایی ژیاندا پێویستیی بە تێکۆشان، بەشداری، ڕەخنە و وتوویژە و هاوڕێ لەگەڵ چالاکییەکانی ئاسایی و ڕۆژانەدابوونی هەیە.

ئەم پەروەردەیە یەکسان و هاوسەنگە؛ واتە بەو ڕادەیەی کە گرینگی دەدا بە سۆز و هەستی ئینسان، بە هەمان چەشنیش ڕوودەکاتە هزر و بیری ئەو. بە بیانووی سەرنجدان بە دەروون و پاککردنەوەی نەفسی، بەرگری لە مرۆڤ ناکات کە بۆ دەرەوە و گرینگیدان بە پرس و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوڕوو نەداتەوە و هەروەها سەربەخۆیی تاک ناکاتە قوربانی کۆمەڵگا یان بەپێچەوانەوە، بە بیانووی «تاک» بوونی، دەستی لە هەمبەر هەر چەشنە سەرپێچی لە یاسا و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان ناکاتەوە و ئازادی پێ نادا، هەر وەکوو دەڵێن، بۆ ئازادی تاک، دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە هێڵی سوور دادەنێ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە ڕێخۆشکەری ئازادییەکانی ئەو دەزانێت.

ئێمە گرینگی دەدەین بە «پەروەردەیەکی ئەرێنی» ئینسـان، بەشـێوازێک کە بە جێگای ئەوەیکە بە بیری «کـاولکردن» بێـت، «ئـاوەداني» ڕەچـاو بکـات؛ بـە کـەمترین کـەرەسـتـە و لـە خراپترین بارووددۆخیشدا ڕۆڵی خۆی بنوێنیت و چاوەڕوان نەبێت کە دیتران کێشە و گرفتەکانی چارەسەر بکەن؛ بە بیانووی پلانگێری دوژمن، پاسـاو بۆ کـەمکاری و هەڵـەکانی خۆی نـەهێنیتـەوە و بـە «بـەڵام و ئەگەرەکانی» و یا فێڵی شـەرعی و بەرژەوەندی سـیاسـی، چارەنووسـی خۆی و کۆمەڵگا بە دیتران نەسـپێریت و بە پاسـاوی گەندەڵی و خراپی بارووددۆخ و مرۆڤەکان، ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی لەبیر نەکات و لەگەڵ ڕەخنەگرتندا، خاوەنی پێشـنیاریش بێت. دەمانهەوێ تاکەکان بە ئاسـتێک بگەن کە «بزانن خوازیـاری چین» و بـەدوای «حـاشـا لـە دۆخی ئـاراوە» توانـای «جێگیرکردنی دۆخی خوازراو»یان هەبێت و هەر وەک داکۆکی لە مافی خۆیان دەکەن، هەر بەم چەشـنەش شـان بدەنە ژێر ئەرکەکانییان.

گشـت ئەو بابەتانەی کە ئاماژەیان پێکرا، پێوەندی بە پێناسـەی دروسـتی پەروەردە و بنەما و تایبەتمەندییەکانی هەیە و بە دڵنیاییەوە بۆ گەیشتن بە پەروەردەیەک بەو تایبەتمەندییانە، پێویستیمان بە ئامراز و ئەسباب و شێوازی گونجاو و سازگار هەیە.

ئێمە بە مەبەستی گەیشتن بە ئاوەها پەروەردەیەک، چاکسازی لە تێڕوانین و بۆچوونی تاک لەمەڕ خۆی، گەردوون و ڕۆڵ و پێگەی لە هەستیدا، لە سـەرووی هەموو کارێك دەزانین و لەم ڕاستایەشـدا لـەو «بیروبـاوەڕەی» کە قورئـان ئـاماژەی پێ دەکا کـەڵك وەردەگرین؛ بیر و بـاوەڕێـک کـە بوون و کاریگەری و دەسـەڵاتی بێبەندوبەسـتی خوا لە هەسـتیدا دەسـەلمێنێت و ئاسمانەکان و زەوی لەگەڵ هەموو گەورەیی و ئامراز و کەرەسـەی کە تێیدایە، لە خزمەت مرۆڤ و ڕێخۆشـکەری گەشـە و پێشکەوتنی ئەو دەزانێت و لە دەرەنجامدا بە وێناکردنی جیهانێکی تر و درێژەدان بە ژیان، بێهوودەیی و بێئاکامی لە بەدیهێناندا، لە مێشك دەسڕێتەوە.

دوای چـاکسـازی لـە تێڕوانین و بۆچوونـەکـانی مرۆڤ بـە کـەڵکوەرگرتن لـە بڕوا، مرۆڤ بـە بەجێهێنانی پەرستشـەکانی وەکوو: نوێژ، زەکات، ڕۆژوو و حەج، ڕاستەوخۆ و کردەوەیی دەست بە ڕاهێنان و ئامادەکاری دەکا و بە ڕەچاوگرتنی دادپەروەری، چاکەکاری، خۆبەخشـی، پێوەندی نێوان خۆی لەگەڵ دیتران ڕێك دەخات.

لەو ڕووەوە کە جۆری وەڵام بە پێداویسـتییەکانی دەروونی و جەسـتەیی ڕۆڵێکی زۆر گرینگ و بنەڕەتی لە پەروەردەی تاک و کۆمەڵگادا هەیە، دابینکردنی هێوری و ئارامی لە (هەموو بوارەکاندا)، کار و پیشـە، سـەقامگیری ئازادی، دابینکردنی ئاسـودەیی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا، لەبیر ناکەین و بۆ بەدەستهێنانی ئەوانە، هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین.

# ڕاوێژ:

بە درێژایی ژیانی مرۆڤ، یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی بەردەم گەشـــەکردن، پێشـــکەوتن، یەکگرتوویی، یەکگری و ئاســـوودەیی مرۆڤەکان و هەروەها یەکێک لە دیارترین هۆکارەکانی ســـتەم بەسەر خەڵکیدا چ لە ئاست پەیوەندی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و چ لە پێکهاتە سیاسی و ئابورییەکاندا، تاکـڕەوی و سەرەڕۆیی بووە.

تاکڕەوی لە ســاکارترین واتایدا، بە واتای پاراســتن و چڕکردنەوەی دەســـەڵاتی بەڕێوەبەری و بڕیاردان و هەروەها خەزێنەکانی سامان لە دەست کەسێک یان تاقمێکی تایبەتە؛ بە شێوازێک کە خەڵك لە ڕادەستکردن یان چاودێری بەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانیان هیچ ڕۆڵێکیان نەبێت.

تاکـڕەوی بەهۆی زیان و زەرەری زۆری کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی، ئابووری و سیاسی کە هەیەتی، بە درێژایی مێژوو و بەردەوام لە لایەن پێغەمبەرانی خواوە لە کێشەوبەرەدا بووە.

بنەمای سـەرەکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سـەرەڕۆیی و تاکـڕەوی لە تەواوی ئایینە ئاسمانییەکاندا یەکتاپەرەســـتی‌یە، تاکەپەرســـتی تەواوی بەرەی مرۆڤ لە بەها و بەرپرســـیارەتی مرۆییدا وەک یەک دادەنێ، لە دواڕۆژیشـدا بە خاوەنی چارەنووسێکیان دەزانێ کە لەسـەر بنەمای کردەوەکانیان بەدەسـت هاتووە.

لەسەر ئەم بنەمایە، خوای پەروەردگار بۆ بنەبڕکردنی هەموو چەشنە تاکـڕەوی و سـەرەڕۆییەك لە ژیانی مرۆڤەکاندا، بنەمای ڕاوێژی وەکوو ڕێســـایەکی بەدەســـەڵات لەســـەر ڕێکخســـتنی پێوەندی کۆمەڵایەتی لە ئاســـت خێزان، کۆمەڵگا و دەســـەڵاتدا داناوە؛ تاکوو لەگەڵ ڕێز لە کەرامەت و بەهای مرۆیی، تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دابینکردنی چارەنوسی خۆیان و بڕیار لەسەر هەر شتێکی کە بۆ خێزان، کۆمەڵگا و دەسەڵات چارەنووس‌سازە، بەشدار بن.

ڕاوێژ لە بواری ســـیاســـیدا، بنەمایەکی دامەزراوە، لەســـەر گرێبەســـتێکی دوولایەنەی نێوان دەســـەڵاتداران و هاوڵاتیان، کە لەوەدا دەسـەڵاتداران، بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر(صل الله علیه وسـلم) لە بەرژەوەندی خەڵکدا، لە ئەسـتۆ دەگرن و لە بەرامبەردا هاوڵاتیانیش پابەندن کە لە چوارچێوەی یاســـا و ڕێســـاکانی ئایین، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوان بن و ئەگەر دەســـەڵاتداران بەپێچەوانەی فەرمانی خوا و پێغەمبەر جوڵانەوە ڕەخنە و ئامۆژگارییان بکەن.

ئەم شـێوازە و هەروەها ئاماژە بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای ئیسـلامی بە شـێوەیەکی گشـتی و نەک تاکەکەسی لە ئایەتی ٥٩ی سورەتی نیسادا بەم جۆرە هاتووە:

«يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا أَطِيعُوا اللهَ و أَطِيعُوا الرَّسُولَ وَ أُولِي الأَمرِ مِنكُم فَإِن تَنَازَعتُم فِي شَيءٍ فَرُدُّهُ إِلَى اللهِ وَ الرّسُولِ إِن كُنتُم تُؤمِنُونَ بِاللهِ وَاليَومِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيرٌ و أَحسَنُ تَأوِيلاً» (نساء/٥٩)

«ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن (لە بیر و باوەڕ و پابەندیدا)، خۆ ئەگەر لە شـــتێکدا بوو بە کێشـــەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە ئەو کێشەیە بگەڕێننەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی(صل الله علیه و سلم)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوا و بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتار کردنتان) بەو شـــێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.»

لە لایەکی دیکەوە، بەڕێوەبردنی دەسـەڵاتی ئیسـلامی هەم لە چاخی پێغەمبەر(صل الله علیه و سلم) و هەم لە چاخی سی ساڵەی خیلافەتی ڕاشیدەدا لەسەر بنەمای ڕاوێژ بووە و لەسـەردەمی خەلیفەکاندا، خەلیفە بەڕێوەبەری فەرمانەکانی شۆڕا (ئەهلی چارەسەری و پەیمان بەستن) بووە.

دوای کۆتاییهاتنی ئەو سەردەمانە لە زۆرێک لە بوارەکاندا، بڕیاردانی تاکەکەسی و مەکۆیی جێگای سیستەمی ڕاوێژی گرتەوە کە بە دڵنیاییەوە بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرچاوی سەرهەڵدانی دووبەرەکی و لێکپچڕانی نێوان موسوڵمانان.
ڕەوتی بێداری ئیسلامی هاوچەرخ، بە تێگەیشتن لەم بابەتە، ژیاندنەوەی ڕاوێژی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نێودەوڵەتی، بە یەکێک لە ئامانجە ڕەساکانی خۆی داناوە، بە هیوای ئەوەیکە موسوڵمانان لە داهاتوودا بتوانن، شایەتی کۆمەڵگایەک بن کە لەسەر یەکسانی و ئازادی و دەسەڵاتێکی پشتبەستوو بە دەنگی خەڵک و پابەند بە بڕیارەکانی شۆڕا دامەزرابێت.
لەو نێوانەدا جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێرانیش، ڕاوێژ، نەك تەنیا بە شێوازێك بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کۆمەڵگا، بەڵکوو وەك یەک ڕوانگە و بنەمایەکی نەگۆڕ دەزانێت کە پێویستە بەردەوام لە تەواوی بڕگە و ئەستوونەکانی کۆمەڵگا و جەماعەت لە گەڕ دابێت و گەیشتن بە ئازادی، بەشداریکردن و یەکگرییەکی شیاو، تەنیا لە ڕێگای شوڕا بە گونجاو دەزانێت. سەقامگیری ڕاوێژ پێویستیی بە پابەندبوون بە ڕێگە چارەی شیاوە هەیە کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

## ڕێچارەکان

### ڕاهێنان و فەرهەنگسازی

یەکەمین و گرینگترین ڕێگەچارە بۆ بەدیهێنان و سەقامگیری واتای ڕاوێژ و وەگەڕخستنی لە تەواوی ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی چالاکی بیروڕا و کردەوەییدا، فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە.
ڕێوچارەی بەدیهێنانی ئەم کارە گرینگە، لە ڕاهێنانە سەرەتاییەکانی خێزانیەوە وەکوو یەکەمین یەکینەی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکا کە مناڵ لەنێو خێزانیدا لە چۆنیەتی مامەڵەی دایک و باوکی، نموونەیەکی شیاوی هەڵسوکەوتی ڕاوێژکارانە فێر دەبێت. بۆ بەردەوامی ڕاهێنانی کولتووری ڕاوێژ، پێویستە کە قوتابخانە و ناوەندە فێرکارییەکان، لەهەردوو بواری تیۆریك و کردەوەیدا سەرنجی جددی بەم بنەما گرینگە بدەن. مزگەوت و ناوەندە ئایینییەکان، ڕاگەیاندنەکان و ناوەندە مەدەنییەکانیش پێویستە هەر کام بە بڕی خۆی ڕۆڵی کاریگەری لە دابنارتن و دامەزراندنی باوەڕ بە بنەمای ڕاوێژ بەجێ بێنیت. مامەڵەی ڕاوێژکارانەی کاربەدەستان وڕەخساندنی بواری گونجاو بۆ بەشداربوونی شارۆمەندان، دەبێتە تەواوکەری ڕۆڵی ئەرێنی هۆکارەکانی ئاماژە پێکراو.
جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران، بە گرینگیدان و پێداگری لەسەر بنەمای ڕاوێژ لە پەروەردەی تاکەکەسی و هەروەها بەراوردکردنی کردەوەیی ئەم بنەمایە لەگەڵ پابەند بون بە ئاوەزی کۆمەڵ لە ڕەوتی بڕیارداندا، حەول دەدا لە سۆنگەی تەشەنەی هەرچی زۆرتری کولتووری ڕاوێژکاری لە برگەکانی کۆمەڵگا و لە ئاکامدا لە دەسەڵاتی پێکهاتوودا ڕاوێژکارانە بجوڵێتەوە.

**دامەزراندن یان بەشداریکردن لە ناوەندە مەدەنییەکاندا**

جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە، کە دامەزراندن یان بەشداریکردن لە ڕێکخراوە سەربەخۆییەکان، یەکێک لە ڕێگەچارە گونجاوەکانە بۆ ڕاهێنانی کردەوەیی بەشداریکردنی گشتی و زیندووکردنەوەی کولتووری ڕاوێژ لە کۆمەڵگادا.

ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە واتای "دیموکڕاسی ڕاوێژی" کە لە تیۆرییەکانی هێندێك لە کۆمەڵناسانی گەورەی هاوچەرخدا ڕوون کراوەتەوە، بەبێ بەشداریکردن و هەست بە بەرپرسیارەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، کارکردێکی نابێ و ناوەندە مەدنییەکانیش هۆکاری گونجاو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەن.

# مافی مرۆڤ

بێگومان مافی مرۆڤ ، گرینگترین بابەتی مرۆڤی سەدەی بیستەم و ململانەیەکی گەورە بۆ پێ خستنە ناو سەدەی بیستویەکەمە. مافی مرۆڤ پێگە و شوناسی مرۆڤی نوێ لە دونیای ئەمڕۆدا دیاری دەکا. ئەمرۆ زۆرێک لە کردار، ئاکار، بڕیار و بەرنامەکان بە پێوەر و مەحەکی مافی مرۆڤ هەڵدەسەنگێندرێن .لە ڕاستیدا مافی مرۆڤ، نیشاندەری ئەو پێگە نوێیەیە کە مرۆڤی هاوچەرخ بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

بە بڕوای ئێمە، ئیسلام گەورەترین ئاڵاهەڵگری ئازادییە و لە بنەڕەتدا گرینگترین فەلسەفەی هاتنی پیغەمبەران و بەتایبەت پیغەمبەری ئیسلام (صل الله علیه و سلم) ئازادکردنی مرۆڤەکان لە کۆتوبەندەکان بووە و لەسەر ئەم ئەساسە مافی مرۆڤ جێگای سەرنجی تایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە، خوای پەروەردگار وەك بەدیهێنەری جیهان کە مرۆڤی لە جوانترین شێوەدا دروست کردووە و بە جێگری خۆی داناوە و ئاوەدانی زەوی پێ سپاردووە، یاسا و ڕێسای شیاویشی بۆ پاراستنی ئایین، گیان، ژیری، نامووس، ماڵ و ڕەچەڵەکی ناردووە.

ئێمە لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدانین کە بنەمای هزری-ئایینی داخوازەکانی خۆمان بخەینە بەر لێکۆلینەوە و بەڵگەهێنانەوە و ئەم بابەتە گرینگە بە لێکدانەوەی زانستییانەی لایەنگران و بەرهەڵستکاران دەسپێرین. ئێمە بڕوامان بە تێگەیشتنێك لە ئایینە کە هاوئاهەنگی زۆرێک لە بنەما هزری و یاساییەکانی مافی مرۆڤی نوێیە و لەبنەڕەتەوە ڕۆڵی ئایینی ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی تەنیا لە دۆخێکی ئارام، ئازاد و هاوڕێ لەگەڵ ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤدا دەردەکەوێت.

## مافی مرۆڤ وەکوو ڕوانگە

هەر چەند مافی مرۆڤ، وەك میراتی مێژوویی هاوبەشی نێوان تەواوی شارستانییەتەکانی مرۆڤە و هەرکام لە شارستانییەتەکان –بەتایبەت ئەوانەی کە لە میراتی پێغەمبەرانەوە سەرچاوەیان گرتووە- خاوەنی ڕێچکەڵەیەکی لەم مافانەن و لەم نێوانەدا شارستانییەتی ئیسلامی بە شێوازێکی تایبەت بەرچاوە، بەڵام ڕێکخستن و سەرهەڵدانی هاوچاخ و کۆتایی ئەم مافانە، لە چوارچێوەیەکی یەکپارچە و تەکووز، دوای تێکۆشانی وردبینانەی فەیلەسووفانی ئەورووپایی بەدوا بووژانەوە و چاکسازی ئایینی و سەردەمی ڕۆشنگەری ڕووی دا. تێکۆشانەکانی ئەم بیرمەندانە لە ئاست جیهاندا دوای شەڕی جیهانی دووهەم و بەدوای دامەزراندنی"ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی"بە ئاکام گەیشت و لە چوارچێوەی ڕاگەیەنراوێکی جیهانی مافی مرۆڤ پەسەندی کۆی گشتی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی بوو. لەگەڵ ئەوەش کە زیاتر لە نیو سەدە بەسەر پەسەندکردنی ئەم ڕاگەیەنراوە و پەرەسەندنی واتای مافی مرۆڤ بۆ زۆرێک لە گۆڕەپانەکانی ژیانی مرۆڤدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام تا ئێستاش ئەم ڕاگەیەنراوە، لە باس وخواسەکانی مافی مرۆڤدا، هەر وەك سەرچاوە ڕەچاو دەکرێت.

بە بڕوای ئێمە مافی مرۆڤ وەکوو ئامراز و هەروەها ئامانجی پەرەسەندن کار دەکا و لەسەر ئەم بنەمایە زۆرێك لە کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ وەك ئابووری، سیاسی، زانستی و کولتووری و... بەهۆی سەرنجنەدان بە مافی مرۆڤ پێك دێت، کە جێگیرکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ڕاگەیەندراوە گونجاو لەگەڵ کولتوور و باوەڕە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤیدا دەتوانێت بواری ژیانێکی گونجاو لە ئاست پێگەی مرۆڤدا دابین بکات.

لەگەڵ دانپیانان بەوەیکە مافی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا لە لایەن سیاسەتمەداران و زۆرێک لە دەوڵەتەکان بە ناڕەوا کەڵکی لێ وەرگیراوە و دەست درێژی بۆ کراوە و بە شێوازێک لە چەقبەستوویی سیاسی، لێکدانەوەی یەک لایەنەی بۆ دەکرێت، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم بابەتانە، زەرەرێك بە ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ ناگەیێنێت و نابێتە هۆی بێهیوایی لایەنگران و تێکۆشەرانی گۆڕەپانی مافی مرۆڤ.

مافی مرۆڤ زۆرێک لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی و ڕۆژبە ڕۆژ پێکهاتەی زۆرتر لەخۆ دەگرێ و لە بواری دۆزی ژنان، منداڵان، کەمینەکانی ئایینی، ئایینزایی، ڕەگەزی و زمان و ئازادییە گشتییەکان خاوەنی ڕێسای گونجاوە بۆ ژیانێکی شیاو لە ئاست ڕێز و پێگەی مرۆڤدا.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەرچەند مرۆڤ بە شێوازێکی گشتی سووکایەتی و ستەمی لێ دەکرێ ومافەکانی پێشێل دەکرێ، بەڵام ئافرەتان و کەمینەکان-هەر کام لە بوارێك و بە شێوازێك- ستەمیان لێ دەکرێ و مافیان دووقات پێشێل دەکرێ و لەسەر ئەم ئەساسە پێویستە بەتایبەتی ئاوڕوویان لێ بدرێتەوە و لەگەڵ باوەڕ بە لێکنەبڕی توێژە جیاوازەکانی مافی مرۆڤ، بەرز ڕاگرتنی مافی ئەوان لە پێشینەی بەرنامەکانی بەڕێوبەرایەتی دابندرێ و هەوڵ بدرێ دۆخێکی مرۆڤانەتریان بۆ بڕەخسێت.

مافی ژنان لەسەرەتادا وەکوو «ژن» و نیوەیەك لە کۆمەڵگای گۆی زەوی ڕەچاو بکرێ و پاشان بەپێی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان وەکوو «دایک»، «هاوسەر» و «کچ» بەتایبەتی پارێزگاریان لێ بکرێت.

جیاوازی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینزایی، ئایینی و هتد... وەکوو نیشانەکانی خوا و تاقیکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی دادپەروەری و پارێزگاری باوەڕداران، بە فەرمی دەناسین و هیچ کام لەم جیاوازییانە بە ڕاکێشەر و پاڵنەری مافی مرۆڤ نازانین و لەسەر ئەم باوەڕەین کە ئەم جیاوازییانە لە ڕەهەندی سروشتی خۆیاندا بپارێزرێن و هەرکەس بە هەر ئامانج و مەبەستێک کە بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییانە حەول بدا و یا ئەوەی کە بیانکاتە بنەمای هەڵاواردن لە ڕەوشت و ماڤدا، بە پێچەوانەی سوننەتی پەروەردگار و سروشتی مرۆڤ هەنگاوی ناوەتەوە و لەسەر ئەم بنەمایە نە تەنیا داکۆکی لێ ناکرێ، بەڵکوو بەپێی بابەت پێویستە ڕێگری، تەمێ و سزا بدرێ.

## ڕێچارەکان

مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی کۆمەڵگای ئێمە بەهۆی دوو کاردانەوە لە کەسەری دایە. دروشمڵێداوی لایەنگران و ڕووبەڕووبوونەوەی نەفامانە و دەمارگیرانەی بەرهەڵستکاران، کە هەرکام بە شێوازێك مافی مرۆڤیان لاواز و بێهێز کردووە. ئەم دوو کاردانەوە هۆکار و فاکتەری زۆریان هەیە و بێگومان یەکێك لەم هۆکارانە، نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی لایەنگران بۆ بەرزکردنەوەی مافی مرۆڤە.

بە بڕوای ئێمە دروشمڵێداوی لە هیچ بوارێکدا ناتوانێت هۆکاری گۆڕانکاری بنەڕەتی بێ و لە بواری مافی مرۆڤیشدا نە تەنیا نابێتە هۆی سەرکەوتن، بەڵکوو بگرە لە بوارێکی خەڵك خەڵەتێنیدا دەبێتە هۆکاری لاوازی و لە کۆتاییدا متمانەی خەڵک لەناو دەبا. لەسەر ئەم بنەمایە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی مافی مرۆڤ دوو ڕێچارەی بنەڕەتی، فێرکاری و پشتگیری، ڕەچاو دەکەین.

**فێرکاری:**

هەرچەند بە سەرنجدان بەوەیکە زۆربەی ڕێنوێنەکان و ئاکامەکانی مافی مرۆڤ، ڕەهەندی سیاسی ژیان لەبەر چاو دەگریت، هەوڵ دەدا لە بەرامبەر دەسـەڵات و ناوەندە گشـتییەکاندا، پارێزگاری لە هاوڵاتیان و شارۆمەندان بکات، بەڵام ناکرێت بواری کولتووری و شارەزایی خەڵك لەپێشچاو نەگرین. کەواتە «فێرکاری» لەم گۆڕەپانەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

ئامۆژەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەتایبەت بنەمای یەکتاپەرستی، مرۆڤ لە پێگەی بەرز و مافی مرۆڤایەتی ئاگادار دەکاتەوە. مرۆڤەکان دەبێ بزانن خاوەنی چ مافێکن و بۆگەیشـتن بە مافەکانیان چ کەرەسـە و ئامرازێکیان لەبەردەسـت دایە. ئەم ڕاهێنانەش دەبێت گونجاو لەگەڵ دۆخی گوێگران، هەمەلایەن، بەربڵاو، و بەبێ ئامانجێکی سیاسی بێت.

ئێمە لەسـەر ئەم باوەڕەین کە تیۆری مافی مرۆڤ لە ڕەهەندەکانی زانسـتی، سـیاسـی و قانوونیدا، دێرایشـی ڕەخنەپەزێری و لێکۆڵینەوەی زۆرتری هەیە و ڕەخنەی زانسـتییانە، یەکێك لە ڕێگاچارەکانی بەرزڕاگرتنی مافی مرۆڤ بووە و دەرەتان لە دروشـمێداوانی بێ ناوەڕۆك و بەرهەڵسـتکارانی دەمارگیر دەبڕێت.

**پشتگیری:**

دابینکردنی ژیانی گونجاو لەگەڵ شـکۆی مرۆڤدا، بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە کەمتر بەهرەمەندن، ئامانجێکە کە پێویستە جێگای بایەخ وپشتگیری هەمەلایەنەی هەموو گروپە چالاکەکانی فکری، سیاسی، ڕۆشنبیری و ئایینی بێت. گرینگیدان بە مافی مرۆڤ لەم سەردەمەدا یەکێك لە ئەرخەیانترین ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە.

ئێمە لە چواچێوەی ئامۆژەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسـلام لە بەرامبەر پێکهاتەکانی پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئاسـتە جیاوازەکانی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانیدا، بەرهەڵسـتی دەکەین، بە جەخت لەسـەر پێداویستی هاتنە ئارای پێکهاتەیەکی یاسایی کە تێیدا مافی مرۆڤ مسۆگەر کرابێت، پشتیوانی خۆمان لە چالاکوانانی ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی و سـیاسـی پابەند بە پاراسـتنی ئەم مافانە، ڕادەگەیەنین و لەم بوارەدا ئامادەین لە بەرەی پشتگیری و داکۆکی لە مافی مرۆڤ بەشداری بکەین.

# ئازادی

ئازادی گرینگترین و پیرۆزترین پێداویستی مرۆڤە. مەبەستی ئێمە لە ئازادی گەشەسەندنی توانایییە ڕۆحییەکانی مرۆڤە لە پێناو بەدیهێنانی جیهانێکی مرۆڤانەتر و ڕازاوەتردا؛ جیهانێك کەتێیدا شایەتی کەم بوونەوەی ئازار ومەینەتییەکانی مرۆڤ بین؛ جیهانێك کە مرۆڤایەتی لە کۆیلایەتی فکری، سیاسی، ئابووری، ... ئاوەزمەندی بەرژەوەندیخوازی ئازاد بێت و لەئاکامدا جیهانێك کە تێیدا مرۆڤەکان لە ژیان لەگەڵ یەکتردا هەست بە ئاسوودەیی و یەکدڵی بکەن.

ئازادی، چەمکێکی یەک واتایی نییە؛ بەڵکوو چەندین مەبەست و واتای جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە کە گرینگترینیان بریتین لە:

**١) بەدیهێنانی تاکێتی**

گەشەی توانا داهێنەرییەکانی تاکێتی یەکەمین لایەنی ئازادییە؛ بەم واتایە کە مرۆڤەکان بتوانن بەدوور لە هەر چەشنە پێوەندیی هێز و دەسەڵاتی، بوونی خواویستییانەیان لە گەردووندا بەدی بێنن، ئەو تاکێتی کە مەبەستی ئێمەیە، تاکێتی خۆویستی و خۆپەسندی نییە، بەڵکوو تاکێتی لە ڕەوشتدا ئامانجی ئێمەیە. لە تاکێتی ڕەوشتبەرزیدا مرۆڤەکان، لەپێناو خۆشکردنی باری گوزەرانی ژیانی خۆیان و دیتران بەشوێن بەدیهێنانی تواناییەکانیان دەکەون. بەڵام لە تاکێتی خۆبینی و خۆویستی کە ئێمە نکۆڵی لێ دەکەین، هەرکەس بە شوێن بەدەستهێنان و تەمای بەرژەوەندی خۆیەتی و مرۆڤ بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندییە لە هەرکەس و هەر شتێک ئەو پەڕی کەڵك وەردەگرێت.

بەدیهێنانی تاکێتی مرۆڤ تا کاتێك لە ئامانجی ئێمە دایە کە نەبێتە هۆی مەترسی بۆ تاکێتی دیتران. دیاریکردنی ئەم کردەوانەی کە تاکێتی دیتران دەڕوشێنن، لە ئەستۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و گرووپە بەهێزەکانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگادا نییە، بەڵکوو لە وتووێژی ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگایەکە کە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی کولتووری تایبەت بەهەرەمەندە کە ئەویش لە یاسادا دەردەکەوێت.

**٢) ئەنجامی چالاکی بەکۆمەڵ**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بۆ گوزەرانی ژیان و بەرزکردنەوەی چۆنیەتی ژیان لە بواری ماددی و مەعنەوییەوە، پێویستیی بە بەشداری لە کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لە ڕاستیدا چالاکی بەکۆمەڵی مرۆڤ، بەشێکی پێویست لە ڕەوتی بەدیهێنانی زاتی مرۆڤە. لەسەر ئەم بنەمایە مرۆڤەکان دەبێ لە چوارچێوەی چالاکییە هاوبەشەکانی ڕۆشنبیری، سیاسی و ئابووریدا، مافی ئەوەیان هەبێ کە ئازادانە لە دەوری یەك کۆوەبن و بەم چەشنە لە پێناو دامەزراندنی هەلومەرج بۆ ژیانێکی باشتر هەنگاو هەڵێنن.

ژیانێکی ئایینداڕانە لەسەر تەوەری ئامۆژەکانی ئیسلام، پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی هەیە. نموودی ئەم دامەزراوە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەم لە لایەنە عیبادەتییەکانی (نوێژ، زەکات، حەج، خەبات لە ڕێی خوادا، بەخشین) و هەم لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی-سیاسی (بنەمای ڕاوێژ) بە تەواوەتی دێتە بەرچاو.

**٣) ئازادی دەربڕین و نووسین**

فەرهەنگ و شارستانییەت لەژێر سێبەری ئازادی دەربڕین و نووسیندا گەشە دەکا و پێشکەوتن بەدەست دێنێت. لە کۆمەڵگایەك کە ئازادی دەربڕین و نووسینی تێدا نەبێت، فەرهەنگ و شارستانییەتی تێدا بەدی نایەت. بە واتایەکیتر، پێشکەوتنی هزری و ڕێکاری لەکۆمەڵگایەکدا بەدی دێت کە هاوڵاتییانی بتوانن لە دۆخێکی ئازاددا بیر بکەنەوە و بەرهەمی بیرکردنەوەکەیان لە ناوەندە گشتییەکاندا دەربڕن و بڵاو بکەنەوە. کۆمەڵگایەکی یەك دەنگ کە تەنیا دەسەڵاتداران و بیرمەندانی پێوەندیدار بەوان، مافی بیرکردنەوە و دەربڕینی بیروبۆچوونیان هەبێت، بێجگە لە پتەوکردنی ڕۆژبەڕۆژەی هێزی دەسەڵاتداران و پەرەدان بە دەسەڵاتیان، ئاکامێکی نابێت.

**٤) ئازادی بڕوا و ئایینزا**

دیکتاتۆری لە بڕوا و مەزهەبدا یەکێك لە مەترسیدارترین شێوەکانی دیکتاتۆرییە کە کارەسات دەنێتەوە. بەهۆی ئەوەیکە ئایینزا و شوێنکەوتەکانی پڕاوپڕ لە هەست و سۆزی دەروونین، ئەگەر ئازادی مەزهەبی نەبێ، ئەوە ناڕەواترین هەوڵدانەکانیش، شێوازی پیرۆزبوون و عیبادەتی بەخۆیەوە دەگرێ و کوشتنی پەیڕەوانی ئایینزاکانیتر و بێبەشکردنیان لە مافی کۆمەڵایەتی-سیاسی بە عیبادەت هەژمار دەکەن؛ جا بۆوەیکە پێش بەو جۆرە جینایەت و تاوانانە -کە بیرەوەرییە مێژووییەکانی نەتەوە پڕە لەوە- بگیردرێت، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئازادی بڕوا و مەزهەب لە کۆمەڵگادا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە تاکوو شوێنکەوتووانی مەزهەبە جۆراوجۆرەکان بتوانن لەگەڵ ڕێزگرتن بۆ دروشم و باوەڕی ئایینەکانیتر، ڕێوڕەسمی مەزهەبی خۆیان بەڕێوە ببەن و بیر و بڕوایان بۆ خۆیان و کەسانی تر دەربڕن.

**٥) بەشداریکردن و ڕکابەری سیاسی**

ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە بەدیهاتنی ئازادی، پێویستی بە بەشداریکردنی چالاکانە و ئامانجدارانەی شارۆمەندان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە و گەیشتن بەم مەبەستە گرینگە لە سۆنگەی باوەڕ بە فرەڕایی و فرەحیزبی و بەشداریکردنی ئازادانە و ڕکابەرایەتی دروستی گشت هاوڵاتییان پێك دێت.

لە م ڕاستایەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان لە ڕێگای وتوویژ، هاوکاری و هاوپەیمانی، هاوکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان بە پێویست دەزانین و بڕوامان وایە کە ئەو پێوەندییانە پێویستە لەسەر بنەمای دیترپەزێری و ئاریکاری دێموکڕاتیك ئەنجام بدرێت.

**ڕێچارەکان**

دەتوانین بڵێین ئازادی لە هیچ کۆمەڵگایەکدا بە تەواوی بەدی نەهاتووە و بەدیهێنانی ئازادی پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام هەیە. بەپێی ئەوەیکە لە یەك کۆمەڵگادا کام لایەن لە لایەنەکانی ئازادی نەهاتۆتە دی و بۆ بەدیهێنانیان چ لەمپەڕ و ڕێگرێک هەیە، دەکرێ ڕێگەچارەی جۆراوجۆر گەڵاڵە بکرێت. لەگەڵ ئەمەش، بۆ دابینکردنی ئازادی کۆمەڵێک ڕێچارەی ئاشکرا و سەلمێندراو هەن کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

**ناسین و ئاگاداری**

بۆ بەدیهێنانی ئازادی، پێش هەر کردەوەیەك پێویستە ڕاهێنان لەسەر ناسینی مرۆڤەکان بکرێت. ئەو مرۆڤانەی کە مافەکانی خۆیان ناناسن و لە هۆکارەکانی بێبەشبوونیان لە ئازادی ئاگادار نین، ناتوانن هەنگاوێك بۆ گەیشتن بە ئازادی هەڵێننەوە. جا بۆیە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییانی کۆمەڵگا لە مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییان، یەکەمین هەنگاوە بۆ پێشەوەچوون لە ڕێگای ئازادی.
لایەکیتری ئاگادارکردنەوە، تەیاربوونە بە ئەدەبیاتی سیاسی-کۆمەڵایەتی سەردەم. لەو ڕووەوە کە هەر سەردەمێك ڕوانگە و دەستەوشەی تایبەتی خۆی هەیە، شارۆمەندان بە ناسینی ئەو دەستەوشانە دەتوانن داخوازییەکانیان بە بەڵگەی پتەو بخەنە ڕوو و بۆ گەیشتن بەوان ڕێگای گونجاو دیاری بکەن.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**

بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد، سەرەڕای ئاگاداری و هۆشیاری شارۆمەندان بە مافەکانیان، پێویستە لە بواری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەشدا پەروەردە بکرێن؛ واتە شارۆمەندان دەبێ بوێری و ئازایەتی لە بردنە ژێرپرسیاری هەموو چەشنە شێوازێکی پێوەندی و بۆنە نارەواکانی داسەپاو بەسەر کۆمەڵگادا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری لە خۆیان و دیتراندا بەدی بێنن. ئەم بابەتە لە کولتووری ئایینیدا، لە چوارچێوەی واتاکانی وەك «بانگەشە بۆ چاکە و ڕێگری لە خراپە» و «ئامۆژگاری کاربەدەستان و دەسەڵاتداران» خۆی دەنوێنیت.
بیری ڕخنەگرانە لەو ڕووەوە گرینگی هەیە کە لە زۆربەی کاتدا بێبەشی و نابەرابەرییەکان لە لێفەیەك لە یاسا و سوننەتە کۆمەڵایەتییەکاندا شاردراونەتەوە.گرینگترین خاڵ لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا، بەهرەمەندبوون لە بیروڕایەکی بانتر لە دۆخی ئارایی و پێوەندییەکان و ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتدارە. لە سۆنگەی ئەم بیرکردنەوەدایە کە چاکسازی و باشترکردنی دۆزییەکان سەر دەگریت.

**پێکهێنانی ناوەندە ئازادیخوازەکان**

ئازادی، لەناو جەرگەی ناوەندە پاوانخوازەکان و لەسەر تەوەری نابەرابەری پێك نایەت، بەڵکوو لە فرەبوونی ناوەندە دیموکڕاتیکەکان پێك دێت. ڕێکخستنی داموەزگا ئازادیخوازەکان-هەرچەند لە پێوانەیەکی سنووردار- هەنگاوێکیترە بۆ گەیشتن بە ئازادی. مەبەستی ئێمە لە ناوەندە ئازادیخوازەکان، تەنیا ناوەندە سیاسییەکانی کە بە هەڵبژاردنی ئازاد دامەزراون نییە، بەڵکو تەواوی ناوەندەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەخۆ
دەگریت کە بەدوور لە هەر چەشنە پێوەندییەکی نارەوای دەسەڵات و سامان، لە هەوڵی ڕەخساندنی بەستێنی شیاو بۆ گەشەی لێهاتووییەکانی پاکی مرۆڤ و بنەبڕکردنی گەندەڵییەکان دایە. کەواتە، بەبێ تێکۆشان بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە ناوەندانە، تەنیا بە دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تەیاربوون بە ڕاوبۆچوونە فەلسەفییەکان ناتوانین بە ئازادی بگەین. لە ڕاستیدا دروستکردنی ناوەندە دیموکڕاتیکەکان فاکتەری پێویستی ئازادین.

**سانایی و لێبوردەیی**

کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ بە کۆمەلگای چەندکولتووری ناسراون، بە شێوازێک کە لە دونیای ئەمڕۆدا کەمتر کۆمەڵگایەک هەیە کە تەواوی ئەندام و پێکهاتەکانی خاوەنی یەک ئایینزا، زمان و کولتوور بن.

بۆیە لەبەر ئەوەیکە شوناسە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی بتوانن لە لای یەکتر بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە ژیان بەسەر ببەن، پێویستە شێوازی ژیانی کەسانی تر نەخەنە بەر گوشاری و سەرکووتیان نەکەن؛ بەڵکوو تا ئەو جێگەی کە دەگونجێت ڕێز لە شـــێوازی ژیانی یەکتر بگرن و لەبەرامبەر یەکتردا نەرمونیانی و چاوپۆشی بنوێنن.

# دادپەروەری

تا کاتێک کە تەواوی شـــارۆمەندانی کۆمەڵگایەک بە هۆی بێبەشبوون لە بواری ســـیاســـی، کۆمەڵایەتی و ئابووری توانای بەشـــداری چالاکانەیان نەبێت، ناتوانین بە کۆمەڵگایەکی مرۆڤی پێشـــکەوتوو بگەین. ئەم کۆمەڵگایە لەژێر چەوســـاندنەوەی زۆرینەی لە لایەن کەمینەیەکی خاوەن دەسەڵات و سامان دایە، لەڕووی ئەوەیکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کردەوەی مرۆڤەکان هەڵدەسووڕێت، تا کاتێك کە ئەو بارودۆخە بواری یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دابین نەکات، بەردەوام نابەرابەری و نادادپەروەری بەرهەم دەبێ و زۆرێک لە توانا و لێهاتووییەکانی مرۆڤەکان لە گەشـەکردن و پێشـکەوتن دەوەسـتێت و ژێرپێ دەخرێت. تا کاتێك کە خێزانێک لە کەمترین پێداویسـتی گوزەرانی ژیان بێبەش بێ یان کەسێك بەهۆی پێوەندی بە شوناسێکی کۆمەڵایەتی-کولتووری تایبەت، نەتوانێ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی شـیاوی هەبێت و بەشـدار بێت، ئەوە ناتوانین شـایەتی گەشـەکردنی توانا مرۆییەکان و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ بین.

کەواتە لە ڕوانگەی ئێمەدا بەدیهاتنی دادپەروەری، پێشمەرجی هەموو چەشـــنە گەشـــەکردن و پێشـــکەوتنێکی مرۆڤییە. بە بۆچوونی ئێمە، دادپەروەری بریتییە لەوەیکە هەموو خەڵکی کۆمەڵگا لە تەواوی ئامراز و کەرەســـە و فێرکاری کە بۆ بەدەســـتهێنانی لێهاتووییەکان پێویســـتن تا بتوانن لە چالاکییەکانی کۆمەڵگادا بەشـــدار بن و هەروەها بەرابەری لە ئاســـت پێداویســـتییەکانی کۆمەڵایەتی و یاسای کۆمەڵگادا، بەهرەمەند بن.

لە درێژەدا ڕەهەندە جیاوازەکانی دادپەروەری زۆرتر شیکاری دەکەین.

**١) دادپەروەری ئابووری**

لەو ڕووەوە کە زۆرێک لە بێبەشییەکان ونایەکسانییەکان لە پێوەندی چینایەتی مرۆڤەکان سەرچاوە دەگرێت، دابەشکردنی دادپەروەرانەی کەرســە و پێداویسـتییەکانی کۆمەڵگا لە نێوان هەموو چینەکانی کۆمـەڵـگـادا، بـەدیـهـاتـنی یـەکێـک لـە لایـەنـەکـانی دادپـەروەرییـە. بـە واتـایـەکیتر، پێویســـتـە ســـەرچاوەئابوورییەکانی کۆمەڵگا بە شـــێوازێک دابەش بکرێن، کە هیچ کەســـێك بەهۆی هەژاری و دەسکورتی لە گەشـە و پێشـکەوتن دوا نەکەوێت. لە لایەکیترەوە لە ئاسـتێکی بانتر لە پێداویسـتییەکانی ژیانێکی ســـەرەتایی -کە ســـروشـــتییە بەپێی کات و شـــوێن جیاواز بێت- بڕی ســـامانێک کە مرۆڤەکان بەدەســـتی دەهێنن، دەبێ لەگەڵ تێکۆشـــان و لێهاتووییەکانی کە بەدەســـتیان هێناوە، گونجاو بێت نەك شتێکیتر.

**٢) دادپەروەری کۆمەڵایەتی-کولتووری**

ئـەم جۆرە دادپـەروەرییـە ئـامـاژە بـەوە دەکـا کـە تـاقـمـە جیـاوازەکـانی کۆمـەڵایـەتی، هۆزەکـان، ڕەگەزەکان، ئایین و ئایینزاکان لە ئامراز و کەرســـەی یەکســـان بۆ برەودان و دەربڕینی ڕوانگە و بۆچوون و داخوازییەکانیان بەهرەمەند بن. واتە شـوناسـە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی- کولتووری بتوانن وێڕای پاراستنی بەها و شێوازی ژیانیان، لە ئاستی شیابونیاندا، لە ژیانی کۆمەڵگادا بەشداری چالاکانە و کارسـازیان هەبێت.بە بڕوای ئێمە، هاوڵاتییانی یەك کۆمەڵگا پێویسـتە سـەرەڕای جیاوازی لە زمان،

مەزهەب، زایەندێتی و ڕەگەزی، بتوانن لەوپەڕی ئاسـوودەیی و هێمنیدا لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا ئامادە بن.

**٣) دادپەروەری سیاسی**

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی سەردەمدا ناوەندی سیاسەت (حکومەت، پارتەکان و پارلەمان) یەکێک لە گرینگترین بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە؛ بە شـێوازێک کە لە لایەک ئەم ناوەندە کەرەسـتە و ئامرازی جۆراوجۆری لەبەردەسـت دایە و لە لایەکیترەوە ڕێژە و چۆنیەتی چالاکی ناوەندەکانیتر دیاری دەکات. لەبەر ئەوە پێویسـتە تێکڕای هاوڵاتییان و شـوناسـە کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان، بۆ بەشداربوون و یان هەڵبژاردنی کەسانێک کە خوازیاری بەشداربوون لەوەدان، لە دەرفەت و بواری یەکسان بەهرەمەند بن. لە کۆمەلگایەکدا کە سیاسەت مەیدانی تاکەسواری کەسانێک یان شوناسی کۆمەڵایەتی-کولتووری تایبەت بێت، بەدیهاتنی دادپەروەری لەگەڵ گیروگرفتی بنەڕەتیدا ڕووبەڕوو دەبێت.

**ڕێچارەکان**

بە هۆی ئەوەیکە سەرچاوە سامانییەکانی هەر کۆمەڵگایەک سنووردارە و تاقمە خاوەن دەسەڵات و ساماندارەکان، زۆرتر خوازیاری ئەوەن کە ئەو سامانە لە بەردەستی خۆیاندا بمێنیتەوە، بۆیە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری، پێوسـت بە بەرنامەرێژی و تێکۆشـانە. بەبێ پلاندانان و بەرنامەرێژی و ڕووبەڕووبوونەوە، بێبەشبوون و نابەرابەرییەکانی ناو کۆمەڵگا بنەبڕ ناکرێن. بەڵام لەڕووی ئەوەیکە هەر کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای پێوەندییەکی تایبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دامەزراوە، بۆ گەیشتن بە دادپەروەری ناتوانین ڕێچارەی سەرتر لە کات و شوێنی خۆی ئاراستە بکەین. بەم حاڵەوە، بەدیهاتنی دادپەروەری پێویستی بە سەرنجدان بە کۆمەڵێك ڕێگەچارەیە کە لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

**ڕەتکردنەوەی سروشتی بوونی نایەکسانییەکان**

ئەو چینانەی نێو کۆمەڵگا کە سـاڵانێکی دوورودرێژە سـامان و کەرسـتەی جۆراوجۆری نێو کۆمەڵگایان لەدەسـت گرتووە، بە پەنابردنە بەر هەموو چەشـن و شـێوازە فرتوفێڵاوییەکانی وەکوو بەهرەمەندی لە هزری لێهاتوو، هەوڵی زۆر، خاوەن مڵک و سامانی میراتی و...، پێگەی دەسەڵاتداری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان بە شتێکی ڕەوا و سروشتی دەنوێنن. ئەوان بە شێوازێک پاساو بۆ ڕەوابوونی پێگەکەیان دهێننەوە کە دەڵێی لە پێش مێژووە ئەو بارودۆخەیان هەبووە. بۆیە یەکەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بە دادپەروەری، هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لە هەمبەر ناسروشتیبوونی زۆربەی نایەکسانییەکان و ڕەواسازییەکانی ئاماژە پێکراو. پێویستە بە شێوازێکی ڕاست و دروست بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە ئەوان چۆن بەو پێگە بەرزانە گەیشـتوون. دەبێ ئەوە دەربخرێت کە نایەکسـانییەکان سروشتی و بۆ هەتاهەتایی نین، بەڵکوو کاتی و مێژوویین.

**هێنانەوەی پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا بۆ گۆڕەپانی گشتی**

تا کاتێك کە بەهۆی هەر بۆنە نادادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، شارۆمەندانی بێبەش و قوربانی هەڵاواردن، لە چالاکی نواندن لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوور بن، هەر بەم چەشنە دۆخ و پێگەی ناگونجاویان بۆ دروست دەبێتەوە. بۆیە بۆ قوتاربوون لەو بنبەستانە، پێویستە پلەبەپلە بچنە ناو گۆرەپانی گشتی کۆمەڵگا، ئەوان پێویستە بە هەر شێوازێك بێ، سەرنجی کارگێڕانی گۆرەپانی سیاسەت بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بە کاریگەری لەسەر ناوەندی سیاسەت، سەرچاوە سامانییەکانی کۆمەڵگا بەپێی شیاو بوون و لێهاتوویەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

**گەیاندنی توانایە ڕێژەییەکان بەوپەڕی خۆی**

لە ڕووی ئەوەیکە لە کۆمەڵگاکانی ئێستادا، سامانە ئابوورییەکان (پارە)،کۆمەڵایەتی (یەکگری)، کولتووری (خوێندەواری) و سیاسی (دەنگ) بۆ یەکتر دەگۆردرێنەوە و هەمووی ئەم سامانانە لەبەردەست تاک و تاقمێکی تایبەتدا نییە، تاک و شوناسە کۆمەڵایەتی- کولتوورییەکان دەتوانن ئەو سامان و توانایی‌یانەی کە بە ڕێژەیەکی لەسەرترن، تا ئەو ڕادەیەی کە دەگونجێ پەرەی پێ بدرێت و بۆ سەرمایەکانی پێویستی‌تری بگۆڕنەوە. لە ڕاستیدا بەم شێوە دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر، توندی نایەکسانییەکان هەموار بکرێ و تەنانەت لە هێندێك بواردا کۆتاییان پێ بهێندرێت.

جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران، وێڕای جەخت لەسەر ئەو بابەتانەی ئەماژەیان پێ کرا، لەسەر خۆی بە پێویست دەزانێ، کە بەپێی توانای خۆی و پێبەپێی کۆمەڵگا و ناوەندەکانی تر، لەپێناو برەودانی کولتووری ئاریکاری و هاوکاری کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی بنەبڕکردنی بێبەشییەکان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا و لە دەرەنجامدا بەدیهاتنی دادپەروەری، هەوڵ بدات.

# نوێخوازی

ڕوون و ئاشکرایە کە ئیسلام خاوەنی کۆمەڵێک بنەمای پایەدار و نەگۆڕە کە بە تێپەڕبوونی زەمان هیچ کات تووشی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی نابن و لەم ڕووەوە نوێخوازی بە واتای گشتی خۆی، جگە لە ڕادەیەك ڕاڤەی بە ڕۆژ، ئەم بەشە ناگرێتەوە. ئەوەیکە لەم بەشەدا گرینگی تایبەتی هەیە، لایەنە بگۆڕەکانی ئیسلامە کە مەبەستی باسی ئێمەیە. دوای پێکهاتنی ئیسلام، لە چوارچێوەی دەسەڵات و شارستانییەت و کولتوور، ناسین و نەهێشتنی هۆکارەکانی پووکانەوەی ئیسلام، بەردەوام جێگای نیگەرانی بیرمەندان و چاکسازانی موسوڵمان بووە. کاتێک چاو لە مێژووی دووروودرێژی موسوڵمانان دەکەین لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتی و بزاڤەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە کە هەوڵیان داوە دژی هۆکارەکانی لاوازی بوەستنەوە و ڕێگە نەدەن کە ئیسلامیش وەکوو ئایین و بیروڕاکانی تر تووشی وەستان و لەناوچوون بێت. هەوڵی ئەو کەسایەتی و بزاڤانە زۆرتر بە ڕەچاوگرتنی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم) بووە کە دەفەرموێت:

«إن الله یبعث لهذه الامة علی راس کل مائة سنة من یجدُدُ لها دینها» (ئەبووداوود گێراویەتییەوە)

«خوای گەورە لە سەرەتای هەر سەدەیەکدا، کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێریت کە ئایینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە.»

ناوچەی جوگرافی و فکری ئەم نوێخوازانەش جیاواز و بەربڵاو بووە. پانتای ناوچەی جوگرافیایی نوێخوازی ئایینی، نیوچەبەژەکی هێند تاکوو مەراکێش و باکووری ئەفریقای لەخۆ گرتووە. لەڕووی جۆراوجۆری ڕوانگەی فکریش، هێندێك لەوان هەوڵیان داوە تەپوتۆزی کۆنەپەرستی لە ڕووی باوەڕی دروستی ئیسلام لە ژیانی موسوڵماناندا بسڕنەوە. هێندێکی تریان نوێخوازی لایەنەکانی ڕەوان و دەروونی نەتەوەی ئیسلام و هێندێک نوێخوازی لەکەلام و تاقمێکیشیان تەواوی لایەنەکانی جێسەرنج لە ئیسلامدا، لە نێو بەرنامەکانی خۆیاندا ڕەچاو کردووە. عومەری کوڕی عەبدوالعەزیز(١٠١-٦١هـ.ق)یەکەمین کەسێکە کە لەم بوارەدا ناوی دەبردرێت؛ چونکە ئەو بەهۆی بەهرەمەندبوون لە هێز و دەسەڵات، توانی زۆرێک لە لایەنەکانی لەبیرکراو و پشتگوێ خراوی ئیسلام دوبارە زیندوو بکاتەوە. دوای ئەو بە دەگمەن کەسانێک پەیدا دەبن کە وێڕای بەهرەمەندی لە هێز و دەسەڵات، نیگەرانی نوێخوازی و زیندووکردنەوەی لایەنەکانی لەبیرکراوی ئیسلامدا بووبن. هەڵبەت "ئورەنگ زیب" و "سەید ئەحمەد کوڕی عیرفانی شەهید" لە وڵاتی هێند، بەدەر لەم قسەیەن، بەڵام ناوچەی ئیش و ئاستی کاریگەریان ئەوەندە سنووردار بووە کە بە گشتی کەمتر یادیان لێ دەکرێت.

ئەبووحامید موحەممەد غەززالی (٥٠٥-٤٥٠ هـ.ق) هەرچەند لە ڕیزی هاندەرانی بزوتنەوەی بووژاندنەوە هەژمار دەکرێ، بەڵام ئیشی ئەو زیاتر سنووردار بە لایەنەکانی عیرفانی بوو و لە کتێبی «احیاءعلومالدین» ئەگەر چی باس لە خاوێنکردنەوە و سڕینەوەی تەپوتۆزی کۆنەپەرستی لەسەر چەمکەکانی وەك تاکەپەرستی، فیقهـ، زیکر و... دەکات، بەڵام بەهەر حاڵ ئەو لایەنەکانی عیرفانی و سوفییانەی ڕەچاو دەکرد. چوارچێوەی کار و چالاکی ئیبنی تەیمییە(٦٦١-٧٢٨هـ.ق) زۆر بەربڵاوتر لە کەسانی پێش خۆی بووە، بەڵام ناکۆکی زانایانی ڕواڵەتی و سۆفییەکانی کۆشکی پاشایی و دەسەڵاتدارانی بەرژەوەندیخواز، لە سەردەمی ئەودا، ڕێگریان لە گەشەی بیر و ڕاکانی دەکرد و هەرچەند لە ڕۆژگاری دواییدا جوڵانێکی تایبەت درایە بیر و بۆچوونەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تێڕوانینی ڕووکاری و بێوردبوونەوە لە بەرهەم و بیر و بۆچوونەکانی، خوێندنەوەی ئەوکاتی بیر و ڕای ئەوی کەم کردەوە.

لەو نێوانەدا کار و چالاکی سەید جەماڵ و موحەممەد عەبدە و قوتابییانی قوتابخانەی ئەو زۆر بەربڵاوتر و بەرۆژتر بوو؛ بەڵام هەلومەرجی تایبەتی جیهان بوو بە هۆی ئەوەیکە بیر و بۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەش هەر لە ئاستێکی تیۆریك و زانستیدا –جگە لە هێندێك بابەتی زۆر دەگمەن-بمێنێتەوە. بەڵام لەپاڵ بزوتنەوەی وهابییە لە بواری بابەتەکانی کەلامی و لۆژیکی، بزوتنەوەی ئیخوانولموسلیمین بە تێڕوانینێکی بەرین و هەمەلایەن، ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنێکی جیاوازی لە نوێخوازی ئاراستە کرد. لەسەر ئەساسی ئەم تێگەیشتنە، ڕوانینێکی تەواو سازگار و ڕەوا سەبارەت بە بابەت و پرسە ئاماژە پێکراوەکانی ڕابردوو و ئێستای لە ئاستی جیهانی ئیسلام و جیهانی مۆدێرندا ئاراستە کرد. لەم تێڕوانینەدا هەرچەند چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، بەرەو بەڕێوەبردنی کردەوەیی ئیسلام بۆ بوارەکانی سیاسی و بەڕێوبەرایەتی هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم بابەتە زۆرتر لەوەیکە دۆزییە و لقەکانی ورد و بگۆڕ بەرچاو بگریت، بوارەکانی بەربڵاو و گشتی ڕەچاو دەکا و بەتایبەت دابینکردنی شوناس بۆ نەتەوە گرینگییەکی بەرچاو و زۆرتری هەیە. لە تێکۆشانەکانی ڕابردوو و ئێستادا، چالاکی سەرەکی بیرمەندان و نوێخوازان، تووشی بێبەهرەیی و بێئاکامی یەكلەدوایەکی بیر و بۆچوونەکان بووە و بەشێوەی پێویست داهێنەریان نەبووە و باس لە بابەتێك بەنێوی نوێخوازی نەکراوە؛ لەکاتێکدا لە ڕوانگەی ئیخواندا ئەو بابەتە لە ئەولەوییەتی تایبەت بەهرەمەندە.

## ڕێچارەکان

ڕێچارەی بنەڕەتی ئێمە بۆ بەدیهێنانی نوێخوازی لە بابەتی ئیجتیهاتدا دەردەکەوێت. ئاشکرایە کە ئیجتیهاد وەکوو دەربڕینی ڕا و بۆچوون لە دەقەکانی ئایینی بۆ تێگەیشتن و دەرهێنانی حوکمی دۆزییە و بابەتی نوێ، هەم لە ئاستی تیۆرەکی و هەم لە ئاستی کردەوەییدا بەردەوام لە مێژووی ئیسلامدا هەبووە، بەڵام ڕوانینی ئێمە بۆ ئەم بابەتە زۆر جیاواز لە ڕابردوویە؛ یەکەم لە ڕوویی ئەوەیکە بۆ ئەم بابەتە بڕوامان بە دەڤەرێکی زۆر بەرین و بەربڵاو هەیە و هەروەها لە ڕووی ئەوەیکە لە تەواوی زانایانی ئەم بوارە داواکارین کە بە دەستبردنە ئەم بابەتە، چارەسەری نوێ بۆگرفت و پرسەکانی بەدیهاتوو ڕەچاو بکەن.

تەوەری ئیجتیهاد دوو ئاستی جیاوازی هەیە. یەکیان ئاستی تیۆری ئەوی تر ئاستی بەراوردی. مەبەست لە ئیجتیهادی تیۆری، هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی دەق و ڕوونکردنەوەی پەیام لە چوارچێوەی دەستوور و قەدغەکردندا و... یە. لەم چەشنە ئیجتیهادەدا هەوڵ دەدرێ واتا و چەمکە گشتییەکان ئاشکرا و ڕوون بکرێنەوە و ڕێگا بۆ ئاوەزکاری و بیرکردنەوە بخرێتە بەردەست، ناوەڕۆکی واتاکان، گونجاو لەگەڵ دەق، بخرێنە ڕوو و لە ئاکامدا، بەڵگەکانی شرۆڤەکراوی دقەکان ڕوون بکرێنەوە. ئەو کارەش پێویستە لە چوارچێوەی ئامرازەکانی تێگەیشتن و ڕاڤەکاریدا ئەنجام بدرێت. ئەم شێوازە ئیجتیهادە لە چوارچێوەی دەق و مەتندا دیاری دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، لە دۆخێکدا کە دەقەکان بێ دەنگن، بە کەڵكوەرگرتن لە میکانیزمی ئیجتیهاد و ڕێکەوتن لە ڕێسا گشتی و ئامانجە شەرعییەکان، تێگەیشتن و هەڵێنجان لە حوکمەکانیش ئەنجام دەدرێت. مەبەست لە ئیجتیهادی بەراوردی، بەڕێوەبردنی کردەوەیی ئەو بابەتانەیە کە لە ئاست تێگەیشتنێکی هەست پێنەکراو لە حوکمەکانی شەریعەت بە دەست هاتوون، واتە بەراوردی ئاکار و هەڵسوکەوت لەگەڵ تێگەیشتنی تیۆریدا.

گرینگی ئیجتیهادی بەراوردی کەمتر لە ئیجتیهادی تیۆری نییە. چونکە مەبەست لە یاسادانان لایەنی کردەوەییە. ئەگەر میکانیزمی کردەوەیی نەبێت، ئامانجی سەرەکی لە ئیجتیهاد بەدی نایەت، هەڵبەت ئەم بابەتە بە ڕێژەی بەدیهاتنی ئامانجەکانی یاسادانان لە پەیوەندی زانستی لۆژیك نێوان حوکمی هەست پێنەکراو و دۆخی هەست پێکراودا، بەستراوەتەوە.

لە لایەکیترەوە کارکردی تەوەری ئیجتیهاد لە بابەتێکدا، کە دەقی ئایینی حوکمی بۆ ڕووداوێکی تایبەت دیاری کردووە، لەپاڵ بابەتێك کە دەق بێ دەنگە، پێویست بە ڕوانینێکی نوێخوازانەیە کە ئاراستە بکرێت. کەواتە لە ڕەوتی نوێخوازیدا، ڕوانینێکی تایبەت و جیاواز بۆ بابەتی ئیجتیهاد هەیە. لەم ڕوانگەیەدا لەپاڵ ڕەسەنایەتی مێژوویی و بەقۆناغی زانینی زۆرێک لە فتوای زانایان و موجتەهیدانی ڕابردوو، سازگاری لەگەڵ ژیانی مۆدێرنیشدا، ڕەخساندووە.

بە ڕوانین لە بەربڵاویی دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی جۆراوجۆردا، لەسەر ئەم باوەڕەین کە پاراستنی ڕابردووی ڕەسەن و کەڵکوەرگرتن لە هەر تازە و نوێیەکی بەکەڵک، دەتوانێ لە وڵامدانەوەی دۆزییە جۆراجۆرەکانی ڕۆژدا کارپێکهێنەر بێت و بڕوامان وایە کە بابەتی ئیجتیهاد لە سەردەمی ئیستادا بە شێوازی گشتی و لە ڕێگەی کۆمەڵە فیقهییەکانەوە کارامەترە.

لەم نێوانەدا، پێکهاتنی یەکیەتییە نێونەتەوەییەکانی، پێك‌هاتوو لە بیرمەندان و موجتەهیدانی جیهانی ئیسلام وەکوو «یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلام و کۆڕی نێونەتەوەیی فیقهی ئیسلامی» بۆ پێك‌هێنانی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لەم بوارەدا جێ دڵخۆشییە.

# یەکگری

یەکگری، هەستی پەیوەندی بەرامبەرانە و هۆشیارانە و بەویستوخواز نێوان تاکەکان، گروپەکان و کۆمەڵگاکانە کە لە کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش و پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی گرتووە، کە تێیدا هەرکام لە تاکەکان و گروپەکان لە تۆڕێکی دانوستانەی بەرامبەرانەدا، پێویستی بەویترە.

بێگومان مرۆڤەکان بەگشتی خوازیاری بەختەوەرین و بەختەوەریشیان بەستراوەتەوە بە پێشکەوتن و گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانی گونجاو و بەجێ. لە لایەکیترەوە تەواوی چالاکییە ئامانجدارەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجی بنەڕەتی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و لادانی خەسارە؛ چونکە بەرژەوەندیخوازی و بێزاری لە خەسار لە تایبەتمەندییەکانی زاتی مرۆڤە؛ بەڵام ئایا مرۆڤەکان بە تەنیایی و بەبێ هاوکاری و یارمەتی کەسانی تر توانای گەشەسەندنی تواناییەکان و لەناوبردنی زەرەر لە خۆیان هەیە؟!

بە گشتی کۆمەڵناسان لەسەر ئەم باوەڕەن کە مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان پێویستیان بە یارمەتی کەسانی ترە و لە هەمان کاتدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان، پێویستە کە بۆ بەشێك لە ئازادەییەکانیان سنوور دابنێن.

لە لایەکیترەوە ئەگەر لە کۆمەڵگا سەرتاییەکاندا، مرۆڤەکان توانیویانە بە تەنیایی، کەمترین ڕێژەی ئامراز و کەرستەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی سەرەتایی دەستەبەر بکەن، ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵۆزیی زاڵ بەسەر ژیانی مرۆڤدا  ئێتر ئەم شێوازە ناگونجێت و مرۆڤەکان ناچارن کە پێوەندییەکی دامەزراو لەسەر ئەساسی هاوکاری دیتران پێك بێنن.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە ئامۆژە گیانبەخشەکانی خۆی، موسوڵمانان بۆ یەکگری، یەکگرتوویی، هاوکاری و یارمەتیدان بانگهێشت دەکا و لێکدابڕان و کۆمەڵتاری و ناکۆکی بە سەرچاوەی شکست و لەناوچوون دەزانێت. بانترلەوە، تەواوی مرۆڤەکان لە بەهرەمەندی لە مافیمرۆڤدا، یەکسان و بەرامبەر و هەموویان لە یەک ڕەچەڵەك دەزانێت. لەسەر ئەم بنەمایە، لەگەڵ جەخت لەسەر هەڵسوکەوتی دامەزراو لەسەر "چاکە" و "دادپەروەری" کە سەرەتای بەدیهاتنی یەکگری لە کۆمەڵگای مرۆڤدایە، پێوەندی و ناسینی بەرمبەرانە لەگەڵ شارستانییەت و کولتوورەکانی تر، ڕاسپاردە دەکات. موسوڵمانان بە پابەندبوون بەم تێگەیشتنانە، هەم بۆخۆیان لە ئاسوودەییدا ژیان بەسەر دەبەن و هەم لە پڕۆسەی ئاشتی جیهانیدا، ڕۆل و ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنن.

ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە زانست و ڕۆشنبیری ئێستای جیهان، بۆ تەواوی گەلەکانی جیهانە کە هەزاران ساڵ بۆ پێگەیاندنی، ماندوویەتی و مەینەتییان کێشاوە تا بەرهەمیان هێناوە و لەسەر ئەساسی سوننەتی ئاڵوگۆڕی نێوان ژیارەکاندا، دەستاودەستی پێ کراوە؛ بەم چەشنە شانازیکردن بەسەر یەکتردا و بەکارهێنانی ئامرازی تەکنۆلۆژی، بە مەبەستی دەسەڵات و هێزنواندن بەسەر نەتەوەکاندا، پێش هەمووشتێک زەرەر بە زانست و پێشکەوتنێك دەگێنیت کە دەستکەوتی هاوبەشی تەواوی مرۆڤەکانە.

بە بڕوای ئێمە تێکۆشان بۆ لەناوبردنی تەواوی ژیارەکان، ئایین و کولتوورەکان لە لایەن ئایینێک یان کولتوور یان شارستانییەتێکی تایبەت، گریمان ئەگەر بەدیش بێت، تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و نائارامی جیهان  و جگە لە ئاکامی دواکەوتنی تاقمێك و پێشکەوتنی ناهاوسەنگی تاقمێکیتر بەرهەمێکی نابێت.

لەسەر بنەمای ئامۆژەکانی قورئان و سوننەت، باوەڕمان وایە کە پێوەندی موسوڵمانان لەگەڵ ناموسوڵمانان لەسەر تەوەری ئاشتییە، مەگەر لەگەڵ کەسانێک کە پەیمانیان شکاندووە و موسوڵمانانیان ئاوارە و دەربەدەر کردووە و دەستپێشخەری شەڕ بووبن.

## ڕێچارەکان

ئێمە بۆ بەدەستهێنانی هەرچی زۆرتری یەکگری خوازراو لە نێوان نەتەوەکان، پارتەکان و گروپە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم ڕێچارانەی خوارەوە بە گونجاو دەزانین:

### بەشداریی دادپەروەرانە

بە کەمێک تێڕامان لە بارودۆخی ئێستای جیهان بۆمان دەردەکەوێ کە هۆکاری زۆرێک لە ئاڵۆزی و گرژییەکان بۆ وەلانانی گروپ و کەسانێک لە گۆڕەپاندا دەگەڕێتەوە کە نە بە مافی خۆیان گەیشتوون و نە ڕێگەیان پێ دراوە کە بەرگەری لە خۆیان بکەن و یا بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجەکانیان هەوڵ بدەن. ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە تەنانەت بەشی زۆری هۆکارەکانی ئاڵۆزی لە پێوەندی ئیسلام و ڕۆژاوا، بۆ جیاوازی لە بیروباوەڕ و ئایین ناگەڕێتەوە، بەڵکوو بۆ ناهاوسەنگی لە سیستمی دەسەڵاتداری پێوەندییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە و ئەگەر بواری بەشداریکردنی چالاکانەی موسوڵمانان لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا بە یەکسانی لە ڕاگەیاندن و چەواشەنەکردنی ڕاستییەکان و... بۆ بڕەخسێت، بەشێک لەو ناهاوسەنگییە قەرەبوو دەبێتەوە و بێگومان ورەی لێکتێگەیشتن و هاوکاری و هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەرانەیان بەهێزتر دەبێت.
لە گۆڕەپانی ناوخۆیی وڵاتانیشدا بڕوامان وایە کە سەرەڕۆیی پارت و لایەنەکان، پلانی خوازیاری نوێنەرایەتی گشت خەڵکی و حەول بۆ کپکردن و یا کەمکردنی کاریگەری دەنگی ڕەخنەگرانێک کە ئەوانیش لە ڕێی بەختەوەریی خەڵکدا هەنگاو دەنێنەوە، هۆکاری تەمومژاوی و تاریکبوونی دۆخی پێوەندی نێوان پارتەکان و لەئاکامدا توێژە جیاوازەکانی نێوخەڵکییە.
بە بڕوای ئێمە خزمەتکردن بە خەڵك کاتێك بۆ تەواوی حیزب و ڕێکخراوەکان بە باشی دەڕەخسێت کە بە ڕادەی توانا لە مافی بوونێتی و بەشداری چالاکانە لە تەواوی گۆڕەپانەکاندا بەرگری بکەن، کە بێگومان بەم کارە سەرەڕای بەهێزکردنی ورەی خزمەتگوزاری لە خەڵکدا، پێگەی خۆشیان سەقامگیر دەکەن و دڵسۆزی و ڕاستی ئەوان زۆرتر بۆ خەڵکی دەسەلمێندرێت.

### جەخت لەسەر بەرژەوەندی گشتی

بێگومان هاوڕایی و هاوباوەڕی یەکێك لە کاریگەرترین هۆکارەکانی یەکگرییە؛ و هەوڵ بۆ پاراستنی بیروڕا و باوەڕی هاوبەش نێوان یەک گروپیش، تێکۆشان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەژمار دەکرێت؛ بەڵام بۆ پاراستنی چەنددەنگی و فرەچەشنی لە کۆمەڵگادا و کامڵبوونی گروپە جۆراوجۆرەکانی چالاك لە بوارەکانی جیاوازدا پێویستە، هێندێک کات ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینی، ئیدئۆلۆژیك، ڕامیاری، ئابووری و... چاوپۆشی لێ بکرێت و جەخت بکرێتە سەر چەند خاڵی هاوبەش، کە سوود و بەرژەوەندی هەمووان یان زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگا و گروپە چالاکەکان لەخۆ دەگریت. بۆ گەیشتن بە یەکگری خوازراو، باشتر وایە کە خاڵەکانی جیاوازیان کەمتر زەق بکەنەوە؛ چونکە بەم چەشنە خەڵك هەم خاڵی هاوبەشی نێوانیان لە بیردەکەن و هەم بەهۆی

ناکۆکی لەسـەر خاڵە جیاوازەکان لە گەیشـتن بە ئامانجەکانیان دوا دەکەون و لە یەک ڕسـتەدا دەتوانین بڵێین گشتیان خەسارەتمەند دەبن.

# پارێز لە توندوتیژی

«توندوتیژی»، وەکوو هێمایەکی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، بە درێژایی مێژوو ڕۆلی کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکەسی مرۆڤەکان و گۆڕانکاری هزری و مێژوویی کۆمەڵگاکاندا هەبووە و بە پێخستنە ناو سەردەمی زانست و نۆباو و گۆڕانی تێڕوانینی سەبارەت بە گەردوون، مرۆڤ و پێگەی ئەو لە جیهاندا و هەروەها ماف و ئەرکانێک کە هەیەتی، ئەم بابەتە گرینگی چەند بەرابەری پەیدا کردووە و لە ڕووی ئەوەیکە بە بڕوای زۆرێک لە خاوەن بڕیار و فەیلەسووفان، ئینسانی مودێرنی سەدەی بیستویەکەم شێوازێکی تاکخوازانەی هەیە و خۆویست و خۆخواز و لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات، سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی زۆرتر دایە، یەکێک لەو پێوەرە گرینگانەی کە سەلامەتی دەروونی مرۆڤەکان و ڕێژەی ڕەوایی و پەسندی لایەن و پێکهاتە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی پێ هەڵدەسەنگێندرێت، پێوەندی ئەوان لەگەڵ توندوتیژی لە هەر دوو بواری تیۆری و کردەوەیی دایە.

مەبەستی ئێمە لە توندوتیژی، بەکارهێنانی شێوازی نائاشتیخوازانە و نایاساییە بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

بەهۆی ئەوەیکە پارێز یا پەنابردنە بەر توندوتیژی لە لایەن تاکەکان، لایەنەکان، ڕێکخراوە و پێکهاتە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج و یان بەدیهێنانی هەر جۆرە گۆڕانکاری و وەرچەرخانێک لە کۆمەڵگادا، لە جۆری ڕوانینی ئەوان بۆجیهانی هەستی، سروشت و خودی ئینسان و ئەزموونی مێژوویی و سەرەنجام پێگە، ماف و ئەرکانێک کە بۆ خۆیان و خەڵکی بڕوایان پێیەتی، سەرچاوە دەگرێت، ئێمەش لەسەر بنەمای بیروباوەڕی خۆمان [بە ئیلهام وەرگرتن لە قورئان و فەرموودە و پشتبەستن بە ژیانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)] پارێز لە توندوتیژی و پەنانەبردنەبەری لە هەموو کات و هەلومەرجێکدا، وەکوو بنەمایەکی کە چاوپۆشی لێ ناکرێ و ڕەوتێکی کردەوەیی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیتران و گۆڕانکاری و وەرچەرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا هەڵمان بژاردووە و لەپێناو ڕەخساندنی دوخێکی گونجاوی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بۆ پەنانەبردنەبەر توندوتیژی و پارێز لێی، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک خۆنابوێرین و لەپێناو ئەوەدا، چاکسازی لە ڕوانگەی تاکەکانی کۆمەڵگادا بە شێوازێك کە لە درێژەدا ئاماژەی پێ دەکەین، لە سەرووی کاری خۆمان دەزانین.

مرۆڤ ئازاد خوڵقاوە و ئاشکراترین نمای ئازادی ئەو، هەڵبژاردنی ئازادانەی بیر و باوەڕیەتی. خوای دڵۆڤان، مرۆڤی لەم هەڵبژاردنەدا ئازاد و سەربەست کردووە و هیچ تاکێک مافی ئەوەی نییە بە بیانووی ئەوەیکە هەڵبژاردنی ئەو باشترین هەڵبژاردنە، دیتران بخاتە ژێر گوشار و زۆرییەوە و هیچ کەسیش نابێ بەهۆی هەڵبژاردنێکی نادروستی کە بوویەتی، بخرێتە ژێر گوشار و ناچارکردنەوە:

«لا إِكراهَ في الدِّينِ...» (بقره/٢٥٦) «هیچ زۆرییەک لە ئاییندا نییە...»

«... أفَأَنتَ تُكرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤمِنِينَ» (یونس/٩٩) «... کەواتە ئایا تۆ خەڵك ناچار دەکەی کە لە ئیمانداران بن؟»

مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاوەزمەندە و شیاوی پەروەردەیە و لە دۆخی گونجاودا دەتوانێ بێ هەڕەشە و زۆری لێکردن هەڵبژاردنێکی دروست و ژیرانەی هەبێت و پێویستی بە پەنابردنە بەر توندوتیژی نییە و لەم بابەتەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئینسانەکاندا لە ڕووی ڕەگەز، زایەندێتی، ڕەنگ و توانای ئابووری و ... نییە.

مرۆڤەکان لە ڕووی دەروونی، جەستەیی و ئەزموونی خێزانی و کەسێنی لەگەڵیەکدا جیاوازن و لەئاکامدا زۆر سروشتییە کە لە تێڕوانینیان بۆ دیاردە و تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەبێ و وەکوو یەک بیر نەکەنەوە و بە پێهاتەی ئەوەش، کولتوور و نەریتی جۆراوجۆر و جیاواز هەبێت. لە دەرەنجامدا هیچ کەس و هیچ کولتوورێک بە تەنیایی خاوەنی ڕاستی و حەقی تەواو و تەسەر نییە، تەنانەت توانای درێژەدان بە ژیان و گەشە و بەرەو کامڵبوونیشی نابێت. وەلانانی ئەویتر و پەنابردنەبەر توندوتیژی، نە تەنیا خراپ و ناپەسندە، بەڵکوو بە پێچەوانەی ئامانجی ئافراندن و بە زەرەری بەرژەوەندی تاکەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

## ڕێچارەکان

### وتوویژ:

یەکێک لەو هۆکارانەی کە بوار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی دەرەخسێنیت، جیاوازی ڕا و بۆچوونەکانە. بەپێی زانستی لۆژیکی قورئان و ژیانی پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لێبێت)، "وتوویژ" گونجاوترین ڕێچارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێکتێگەیشتنی بەرامبەرانەی کەسانێکە کە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە. ئاشکرایە کە وتوویژ کاتێک کەڵک و سوودی دەبێ، کە لە دۆخێکی ڕێزنانی بەرامبەرانە، کەرەستە و پێداویستی یەکسان و دوور لە دەمارگیری، بڕیاری پێشوەخت و هەڕەشە و هەر چەشنە زۆرەملی پێک بێت.

### باوەڕ بە پێویستیی ڕەخنە:

ڕەوتی پیرۆزنەنواندنی بیروڕا، کەسەکان و چوارچێوەی تایبەت بۆ ژیان و باوەڕ بە پێویستیی ڕەخنە و لێکدانە و شیکاری بە جێگای تەنیا گێڕانەوە و بەرزنرخاندن، هەنگاوێکی گرینگ بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پێکهێنانی دۆخێکی تەندرووست بۆ وتوویژ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان، هەژمار دەکرێت.

### باوەڕ بە گۆڕانکاری:

باوەڕ بە گۆڕانکاری و پێدانەگرتن لەسەر پاراستنی پێکهاتەکانی ڕابردوو و هەروەها باوەڕ بە مسۆگەری کامڵبوونی هیزری لە درێژایی کات و زەماندا و زۆرتربوونی ئەزموونی ڕۆژانەی ژیان و دەستکەوتە زانستییەکان، یەکێکیتر لە ڕێگاکانی بەرگری لە توندوتیژی و پەنابردنەبەر ئەوە. پێداگری لەسەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕابردوو و بەتەمانەبوونی گۆڕانکاری، بوار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی دەرخسێنیت.

### پابەند بوون بە ڕێسای کۆمەڵایەتی:

بە باوەڕی ئێمە بوونی ڕێسای کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای ویست و خوازی گشتی لە چوارچێوەی بەڵێننامەیەک بە نێوی "یاسای بنەڕەتی" دەرکەوتبێت، پێداویستییەکی بێدەرەتانە. پابەندبوون بە یاسای بنەڕەتی کە هەڵگری ماف و ئەرکی بەرامبەرانەی شارۆمەندان و دەسەڵاتدارانە، ڕێگە لە بەردەم پەنابردنەبەر توندوتیژی دەگرێت.

**جەخت لەسەر ئامۆژە ڕەوشتییەکان:**

ئیسلام بە دانانی سیستەمێکی ڕەوشتبەرزی لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی زاتی ئینسان و بیری دواڕۆژ و ترسی لە خوا، بە شێوازێکی زانایانە و پلەبەپلە، بوار و دەرفەت و پێشەکییەکانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شەڕ و توندوتیژی بە کەمترین ئاستی خۆی دەگەیێنێت. خۆڕاگری، دان بەخۆداگرتن، لە خۆبووردەیی، تووڕەنەبوون، لێبوردەیی و چاوپۆشیکردن، دوورەپەرێزی لە خوسپ و شۆفاری، خۆبواردن لە دڕدۆنگی و گومانی خراپ، وەلانانی دەمەقاڵەی نابەجێ، پێك هێنانی پێوەندی سۆزدارانەی نێوان خزم و کەسوکاران، پاراستنی مافی دراوسێ، بەخشین و یارمەتیدانی هەژاران و نەداران و لە هەمووان گرینگتر پێوەندی برایەتی نێوان باوەڕداران و لە کۆتاییدا مرۆڤدۆستی و خزمەت بە مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا، نموونەگەلێکی ڕێخۆشکەرن بۆ «ئاشتی» و «پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە» و «پارێز لە توندوتیژی».



# شرۆڤەیەک سەبارەت بە ئاڕم

ئاڕمی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران، لەم هەشت هێمانەی خوارەوە پێك هاتووە:

١. "کتێب"، ئاماژەیە بە قوڕئانی پیرۆز وەکوو کۆتا پەیامی ئاسمانی بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ.
٢. "ئاڵا"، بە ئایەتی "إن أرید إلا الإصـــــلاح"، جەختە لەســــەر ڕەوتی ڕوانگەی چاکەخوازی جەماعەت.
٣. "اللهاكبر و للهالحمد"، درووشمی بێداری ئیسلامی سەردەمە.
٤. "هیلال"، سەمبولی ئیسلام و جیهانیبوونی ئیسلامە.
٥. "لقی زەیتون"، نیشانەی ئاشتییە.
٦. "لقی گەنم"، سەمبولی گرینگیدان بە گەشە، بە ڕەچاوکردنی پیداویستییەکانی بەرچاو و ماددی مرۆڤ.
٧. "قەڵەم"، ئاماژەیە بە ئامرازی ســەرەکی کاری جەماعەت، بەمەبەســتی بەدیهاتنی گۆڕانکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی خوازراو.
٨. "دەســـت"، نیشـــانەی بایەخدان بە هەنگاونانی کردەوەیی و دەربازبوون لە کەوانی تێڕوانینی تیۆری تەواو.